ئەکادیمیای کوردی
KURDISH ACADEMY

# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

ژمارە (٦٠)    ٢٧٢٤ی کوردی    ٢٠٢٤ی زایینی

# گۆڤاری ئەكادیمیای كوردی

ژمــارە (٦٠) ٢٧٢٤ی كــوردی ٢٠٢٤ی زایینــی



سەرۆكی ئەكادیمیای كوردی و خاوەن ئیمتیازی گۆڤار

حەمەسەعید حەسەن كەریم

سەرنووسەر:

پ.د. كاروان عومەر قادر

بەڕێوەبەری نووسین:

د. پەخشان فەهمی فەرحۆ

دەستەی نووسەران:

- پ.د. قەیس كاكل تۆفیق
- پ.د. موحسین ئەحمەد عومەر
- پ.د. بەختیار سەجادی
- پ.د. فەرهاد قادر تۆفیق
- پ.ی.د. عەبدلواحید ئیدریس شەریف
- پ.ی.د. نەوزاد ئەسوەد ئەحمەد
- د. لەزگین عەبدولڕەحمان ئەحمەد

دەستەی ڕاویژكاران:-

- پ.د. میشێل لیزەنبێرگ
- پ.د. مارتن ڤان برونسن
- پ.د. جەلیلی جەلیل
- پ.د. ساڵح ئاكین
- پ.د. جەعفەر شەیخولئیسلامی
- پ.د. عەبدولڕەحمان ئەداك
- پ.د. هاشم ئەحمەد زادە



هەولێر - شەقامی هەڵەبجە

ISSN: 2520-4106

http;//gov.krd/ka

# جیاوازیی کولتووریی لە بەرجەستەبوونی ناسنامەی کەسێتییە سەرەکییەکان لە ڕۆمانی "گرەوی بەختی هەڵاڵە"ی عەتای نەهاییدا


**پ. ی. د. لەنجە عبدالرحمن غریب**

بەشی کوردی، کۆلیژی پەروەردە
زانکۆی ڕاپەڕین
lanja.abdurahman@uor.edu.krd

**پ. ی. د. سەرکەوت عمر ابراهیم**

بەشی کوردی، کۆلیژی پەروەردە
زانکۆی ڕاپەڕین
Sarkawt.omer@uor.edu.krd



**پوختە:**

جیاوازیی کولتووریی لە بەرجەستەبوونی ناسنامەی کەسێتییە سەرەکییەکان لە ڕۆمانی "گرەوی بەختی هەڵاڵە"ی عەتای نەهاییدا، لەبارەی جیاوازیی کولتووریی لە پەروەردەکردنی هەڵاڵەی شاکەسی ڕۆمانەکە و شێرزادی کەسێتی سەرەکیی ڕۆمانەکە دەدوێت، ئەویش لە ئەنجامی ئەوەی کولتوور وەك ڕەهەندێکی ژیان، لە ڕۆمانی گرەوی بەختی هەڵاڵەدا ئاوێنەی بیروڕا و بۆچوون و کردار و ڕەفتاری تاکەکەسی و کۆمەڵایەتیی هەر یەکە لە کەسێتییەکانە و ڕۆڵی لە یەکلاییکردنەوەی چارەنووسیاندا هەیە، چونکە لە ڕووی بینای کەسێتییەوە هەریەك لەم دوو کەسێتییە بە جۆرێك بونیاد نراون، کە خاوەن تێڕامان و بیر و بۆچوون و جیهانبینیی تایبەت بە خۆیانن بۆ چۆنیەتیی خۆگونجاندنیان لەگەڵ کولتووری وڵاتێکی ئەورووپی وەك سوێددا، کە دواجار ئەم تێڕوانینەیان بۆ کولتوور دەبێتە جۆرێك لە ناسنامەی کەسێتییان و توانای خۆگونجان و هەڵکردنیان لەگەڵ دونیای دەرەوەدا. لە ئەنجامی ئەوەشدا جیاوازی و نەبوونی هۆشیاریی کولتووری چارەنووسی هەر یەك لەو دوو کەسێتییە سەرەکییە بە تراژیدیا و ڕووداوی ناخۆش دەگەیەنێت لە ڕەوتی گێڕانەوەی ڕۆمانەکەدا.


کلیلەوشە: کولتوور، ناسنامە، ڕۆمان، کەسێتی، شاکەس

**پێشەکی**

ئـەم توێژینەوەیـە، بەناونیشـانی (جیاوازیـی کولتووریـی لـە بەرجەسـتەبوونی ناسـنامەی کەسـێتییە سـەرەکییەکان لـە ڕۆمانـی « گـرەوی بەختـی هەڵاڵـە «ی عەتـای نەهایـی)دا بـە ئەنجـام گەیەنـراوە، ڕووداوەکانـی ئـەم ڕۆمانـە گێڕانـەوەی ڕووداوە تراژیدییەکانـی شاکەسـی ڕۆمانەکەیـە بـە نـاوی (هەڵاڵـە)، کـە لـە خانەوادەیەکـی شۆڕشـگێڕی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتانەوە بـەرەو وڵاتـی سـوێد کـۆچ دەکـەن و لـە ئەنجامـی چۆنیەتیـی تیڕوانینـی شاکەسـی ئـەم ڕۆمانـە و بەرکەوتـن و کاریگەربوونـی بـە کولتـووری وڵاتـی سـوێد و هەوڵـدان بـۆ بەرجەسـتەکردنی ناسـنامەیەکی جیاوازتـر بـە بـەراورد بـە ناسـنامەی پێشـووتری خـۆی ژیانـی بـە مەرگەسـات کۆتایـی پـێ دێـت؛ ئەویـش بەهـۆی نەگونجـان و هەڵنەکردنـی شـێرزادی هاوسـەری لەگـەڵ کولتـووری ئـەو وڵاتـە و پابەندبـوون بـە ناسـنامە و کولتـووری نەتەوەیـی خۆیـەوە. دوای نواندنـی چەندیـن جـار توندوتیـژی دواجـار نواندنـی ئـەم توندوتیژییـە دەگاتـە لووتکـە و بـە هـۆی خەنجەرێکـەوە، کـە لـە لایـەن حەمەڕەشـید ئاغـای باوکـی هەڵاڵـەوە وەك سـیمبولی پاراسـتنی شـەرەف بـە شـێرزاد دراوە، هەڵاڵـە دەکوژرێـت. لـەو ڕوانگەیـەوە ئـەم لێکۆڵینەوەیـە هەوڵێکـە بـۆ قسـەکردن و خسـتنەڕووی بەرجەسـتەکردنی ناسـنامە و نەگونجـان لەگـەڵ کولتـوورە جیـاوازەکان و ڕەنگدانەوەیـان لـە ژیانـی هەڵاڵـەی شاکەسـی ڕۆمانەکـەدا، چونکـە لـە نێـو ڕۆمانەکـەدا ئـەم پرسـە زۆر جێگـەی بایەخـی هـزری ڕۆماننووسـە و بەوپـەڕی توانـاوە لێکەوتـە و کاریگەریـی کولتـووری وڵاتانـی ڕۆژئـاوا لەسـەر ژیانـی تاراوگەنشـینی و کوردانـی ئـاوارە دەخاتـە ڕوو؛ خوێنەریـش لەبـەردەم چەندیـن پرسـیاری جەوهەریـدا دەهێڵێتـەوە وەك ئـەوەی ئایـا مـرۆڤ دەتوانـێ هەوڵـی بەرجەسـتەکردنی ناسـنامەی وڵاتێکـی دیکـە بـدات و دەسـتبەرداری ناسـنامەی خـۆی بێـت؟! ئایـا ژنـی کـورد بەهـۆی بەزاندنـی سـنووری کولتـووری و دابونەریتـە نەتەوەییەکانـی خۆیـەوە خـۆی دەخاتـە بـەردەم مەترسـییەوە؟! ئایـا لێکەوتەکانـی کولتـووری ڕۆژئـاوا دەبـن بـە فاکتـەری هەڵوەشـانەوە و پەرتەوازەیـی خێزانـی کـورد؟! ئایـا ئـەوە هەڵاڵەیـە هەڵـە دەکات و شـێرزادی هاوسـەری ناتوانـێ بەرگـەی ئـەم هەڵانـەی هەڵاڵـە بگرێـت؟! یـان ئـەوە شـێرزادە وەك پیاوێکـی کـوردی وابەسـتەیە بـە کولتـووری کوردەوارییـەوە و ناتوانـێ خـۆی لەگـەڵ کولتـووری ڕۆژئـاوادا بگونجێنێـت؟! ئـەم پرسـیارانە لـە نێـو ئـەم توێژینەوەیـەدا جێگـەی بایـەخ بـوون و هەوڵـی وەڵامدانەوەیـان دراوە لـە بنچینەشـدا هـەر هەسـتکردن بـەم پرسـیارانە هـۆکار و هانـدەری سـەرەکیی نووسـینی ئـەم لێکۆڵینەوەیـە بـوون.

پێکهاتـەی توێژینەوەکـە: پێکهاتـەی ئـەم توێژینەوەیـە لـە دەروازە و دوو بـەش و ئەنجـام و پوختـەی توێژینەوەکـە و لیسـتی سـەرچاوە بەکارهاتـووەکان پێـك هاتـووە. لـە تـەوەرەی یەکەمـی بەشـی یەکەمـدا: وەك بەشـێکی تیـۆری وێسـتێکمان لەسـەر چەمـك و پێناسـەی کولتـوور کـردووە. لەتـەوەرەی دووەمـدا: باسـمان لـە جیاوازیـی کولتـوورەکان و کاریگەرییـان لـە بەرجەسـتەبوونی ناسـنامەی کەسـێتییەکان کـردووە لـە ژانـری ڕۆمانـدا. لـە بەشـی دووەمـی توێژینەوەکەمانـدا، لـە تـەوەرەی یەکەمـدا: ناونیشـانی ڕۆمانەکـە و مەبەسـت و ئامانجـی ناونانـی ڕۆمانەکەمـان لـە نێـوان دوو کولتـووری جیـاوازدا خسـتۆتە بەربـاس. لـە تـەوەرەی دووەمـدا: باسـمان لـە جیاوازیـی کولتـووری و کاریگەرییـان لـە گێڕانـەوەی ڕۆمانەکـەدا کـردووە. لـە تـەوەرەی سێیەمیشـدا: کولتـووری پیاوسـالاریی و ونبوونـی ناسـنامەمان لـە گێڕانـەوەی گـرەوی بەختـی هەڵاڵـەدا ڕوون کردۆتـەوە، لـە کۆتاییشـدا ئەنجامـە بەدەسـتهاتووەکانمان ئامـاژە پـێ داوە و لیسـتی سـەرچاوەکانمان بـە ڕیزبەنـدی خسـتۆتە ڕوو.

سـنووری توێژینەوەکـە: سـنووری کاری ئـەم توێژینەوەیـە بریتییـە لـە کارکـردن لـە چوارچێـوەی ڕووداوە گێڕدراوەکانـی نێـو پێکهاتـەی ڕۆمانـی (گـرەوی بەختـی هەڵاڵـە) ی ڕۆماننـووس (عەتـا نەهایـی) و بەتایبەتیـش ئـەو ڕووداوانـەی لـە ژیانـی شاکەسـی ڕۆمانەکـە (هەڵاڵـە) و (شـێرزاد)ی هاوسـەریدا ڕوو دەدەن.

ئامانجـی توێژینەوەکـە: ئامانجـی ئـەم توێژینەوەیـە بریتییـە لـە دیاریکـردن و خسـتنەڕووی جیاوازیـی کولتـووری و بەرجەسـتەکردنی چەمکـی ناسـنامە و مامەڵەکـردن و وابەسـتبوونی (هەڵاڵـە)ی شاکەسـی ڕۆمانەکـە و (شـێرزاد)ی هاوسـەری وەك کەسـێتییەکی سـەرەکی لـە نێـوان کولتـووری کـوردی و کولتـووری وڵاتـی سـوێد.

گیروگرفتـی توێژینەوەکـە: گرفتـی دیـاری ئـەم توێژینەوەیـە بریتییـە لـە وەڵامدانـەوەی ئـەو پرسـیارە جەوهەرییانـەی لـە پێشـەکیی توێژینەوەکـەدا سـەبارەت بـە چارەنووسـی شاکەسـی سـەرەکیی ڕۆمانەکـە، لـە بەرئەنجامـی ئـەو گۆڕانکارییـەی لەبـارەی ناسـنامە و چۆنیەتیـی ژیانـی ڕوو دەدات لـە نێـو کولتوورێکـی بێگانـەدا.

میتــۆدی توێژینەوەکــە: لــەم توێژینەوەیــەدا پەیــڕەوی میتــۆدی وەســفی - شــیکاریمان کــردووە، کــە پشتبەســتن بــە هێنانــەوەی نموونــەی وەرگیــراوی نێــو دەقــی ڕۆمانەکــە، تــا لەگــەڵ ئــەو لایەنــە تیۆرییــەدا بگونجێــت، کــە لــە بەشــی یەکــەم وەکــو لایەنــی تیــۆری لەبــارەی چەمکــی کولتــوورەوە خســتوومانەتە ڕوو.

## بەشی یەکەم: کولتوور و ڕەنگدانەوەی لە ژانری ڕۆماندا

### تەوەرەی یەکەم: زاراوە و چەمکی کولتوور

یەکێــك لــەو زاراوانــەی، کــە جێگــەی گفتوگــۆ و مشــتومڕی چڕوپــڕە چەمکــی کولتــوورە، کــە ڕۆڵێکــی جەوهــەری لــە ژیانــی مرۆڤەکانــدا دەبینێــت، ئــەم چەمکــە «لــە ڕەگــی وشــەی لاتینــی colere ەوە هاتــووە، کــە دەتوانێــت مانــای هــەر شــتێک بێــت لــە چانــدن و نیشــتەجێبوونەوە بگــرە تــا دەگاتــە پەرســتن و پاراســتن» (Eaglton ,٢٠٠٠, ٨). زاراوەی کولتــوور بەپێــی ســەردەم و دۆخــە مێژووییــە جیــاوازەکان گۆڕانــکاری لــە ماناکەیــدا دروســت بــووە، بەتایبەتــی لــە ســەدەی نۆزدەیــەم بــەدواوە بۆتــە جێگــەی بایەخــی لێکۆڵەرانــی بــواری مرۆڤناســی و دەروونناســی و کۆمەڵناســی، لــەم ڕووەوە ڕایمۆنــد ولیامــز، کــە یەکێــك لــە توێــژەر و ڕەخنەگــرە دیارەکانــی ئــەم بوارەیــە پێــی وایــە ئــەم زاراوەیــە لــە ســەدەی نۆزدەیەمــدا گۆڕانــی بەســەردا هاتــووە و لــە چوارچێــوەی چەنــد مانایەکــی جیــاوازدا شــێوەی خــۆی گرتــووە و دەڵێــت: «لــە ســەرەتای ســەدەی نۆزدەیەمــدا مانــای کولتــوور پەیوەندیــی بــە دۆخێکــی گشــتی، یاخــود خــووی دەروونــی، کــە پەیوەندییەکــی نزیکیــان لەگــەڵ بیرۆکــەی کامڵبوونــی مرۆڤــدا هەبــووە، دووەم بــە مانــای دۆخــی گشــتی گەشەســەندنی هــزری لــە کۆمەڵگەیەکــدا هاتۆتــە ئــاراوە، ســێیەم واتــای جەســتەی گشــتیی هونــەرەکان بــووە، چــوارەم: لــە کۆتایــی هەمــان ســەدەدا بــە واتــای ڕێگایەکــی تــەواوی ژیــان بــووە، لــە ڕووی مــاددی، هــزری و ڕۆحییــەوە« (Williams,١٩٦٠ ,٤ ).

ئێــدوارد تایلــەر لەبــارەی چەمکــی کولتــوورەوە دەڵێــت: «کولتــوور ئــەو گشــتە ئاڵۆزەیــە، کــە زانیــاری، هونــەر، ئــاکار، یاســا، دابونەریــت و هەمــوو ئــەو توانایانــە دەگرێتــەوە، کــە مــرۆڤ وەك ئەندامێکــی کۆمەڵگەکــەی وەریگرتــووە و بەدەســتی هێنــاوە« (Tylor, 1891١ ,)، لێــرەدا تایلــەر چەمکــی کولتــووری لــە بەهــا و نۆرمــە مەعنەوییەکانــدا بینیوەتــەوە و پێــی وایــە هــەر کۆمەڵگەیــەك خاوەنــی کولتوورێکــی ســەربەخۆ و تایبەتییــە، جگــە لــەم کولتــوورە مەعنەوییــە جۆرێکــی دیکــە لــە کولتــوور هەیــە، کــە خــۆی لــە کولتــووری ماددیــدا دەبینێتــەوە، کــە ئەویــش "بریتییــە لــە شــوێنەوارەکان، هونــەر، تەلارســازی و کاڵا بەرجەســتەکانی تــر، کــە مرۆڤــەکان دروســتی دەکــەن و مانایــان بــۆ دیــاری دەکــەن. تەکنەلۆجیــا، هونــەر، تەلارســازی، جلوبــەرگ، تەلەفزیــۆن و کاڵای بەکاربــەر لــە مــۆڵ و مارکێتەکانــدا هەموویــان بەشــێکن لــە کولتــووری مــاددی لــە کۆمەڵگــە پیشەســازییە پێشــکەوتووەکاندا" (https://rowman.com/webdocs/SIF9%20Chs%203.pdf).

کەواتــە چەمکــی کولتــوور چەمکێکــی فرەڕەهەنــدە و هەڵگــری لێکدانــەوەی جیــاوازە ئەمــەش بــۆ سروشــت و مــەودای فراوانــی خــودی کولتــوور و دونیابینــی و تێڕوانینــی بیرمەندانــی بــوارە جیــاوازەکان دەگەڕێتــەوە ســەبارەت بــەو چەمکــە. «کولتــوور ســەرجەم بوارەکانــی ڕۆشــنبیری و زمــان و دابونەریــت و ئاییــن و پانتایــی وەعــی و لاوەعــی و کــەش و تەقســە کۆمەڵایەتــی و ئایینیــەکان و فیکــر و ئــەدەب و هونــەر و مێــژوو دەگرێتــەوە. بــە مانایەکــی تــر مەبەســت لــە کولتــوور بــواری شارســتانی و ئامادەبوونــی مــادی و مەعنــەوی کۆمەڵگایــە« (قەرەداخــی، ٢٠٠٧، ٩). فرەڕەهەنــدی واتــا و دەلالەتــی کولتــوور و ئاوێتەبوونــی بــە ڕەهەنــدە جیاوازەکانــی ژیــان و ســەپاندنی دەســەڵاتەکانی بــە ســەر بــوارە جیاوازەکانــی وەك زمــان، دابونەریــت، ئاییــن، هونــەر و ئەدەبــدا وایکــردووە کولتــوور بونیادێکــی سیســتماتیکی هەبێــت و بەردەوامیــش لــە هەوڵــی وابەســتەکردنی تاکەکانــی کۆمەڵگەکــەی خۆیدابێــت «کولتــوور ئــەو جەســتە پــڕ لــە ئیحایەیــە، کــە وەك چەمکێکــی تەمومــژاوی و ئاڵــۆز خــودی خــۆی وەك کوتلەیــەك لــە دەمامــك/ ئایدیۆلۆژیــا خزانــدە نێــو ســەرجەم رایەڵــە هــزری و ئەبســتیمی و فەلســەفییەکانی ســەردەم، ئەویــش بــە حوکمــی ئــەوەی کولتــوور بزاوتــە هزرییەکانــی مرۆیــی لــە نێــو کۆمەڵــگای مرۆڤایەتیــدا خســتۆتە ژێــر هەیمەنــەی خۆیــەوە، چونکــە کولتــوور دەشــێ وەك پرۆســە و میکانیزمێــك ســەیر بکرێــت، کــە خــودی خــۆی لەســەر چەندیــن سیســتەم و پێکهاتــە بونیــاد نــاوە. بــە شــێوەیەکی ئاساییش ســەرجەم ئــەو سیســتەمانەش بوونەتــە هــۆی چالاکــی و بــزاوت خــۆ خســتنە نێــو مرۆڤــەکان و ســەرقاڵکردنی ســەرجەم مرۆڤایەتــی» (پیــرداود، ٢٠١٠، ٤١). ئــەم خۆســەپاندنەی کولتــوور زاڵبــوون و خۆنواندنــی کولتــووری بەرجەســتە کــردووە

لە هزر و تێڕوانین و دونیابینی تاکەکانی هەر کۆمەڵگەیەك و دواجاریش لەگەڵ ناسنامەدا لە یەکتر ئاڵاون، چونکە «لەم سەدانەی دواییدا کولتوور خراوەتە ژێر چەندین دەمامك و وێنا، بە واتا بە فۆرمێکی تەجریدکراوەوە خزێنراوەتە نێو چەندین دەمامکی ئایدیۆلۆژی، بێگومان لە هەر پرۆسەیەکی بەیەکەوە ژیان و بەجیهانیکردندا پێویستە فەزا و رووپێوێك بۆ بەیەکەوە ژیان خۆی بخوڵقێنێ و بەدەستهێنانی شوناسی جەستەیی خودی تاك/ خوت لەو ساتەوە بەدەست دێت» (پیرداود، ٢٠١٠، ٤٢).

لە بنەڕەتدا کولتووری هەر نەتەوەیەك بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆش بێت لە هزری تاکەکانی کۆمەڵگەکەیدا خۆی وێنا دەکات و تاك دەخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە و وێنەی حەقیقەتێکی لۆجیکی لە هزر و بیریاندا بەرجەستە دەکات لە بەرانبەر کولتووری هەر تاك و نەتەوەیەکی دیکەدا، ئەمەش زۆرجار دەبێتە سەرچاوەی ڕەتکردنەوەی کولتوورەکانی دیکە و لە ئەگەری ڕووبەڕووبوونەوەی تاکی کولتووری جیاوازەکاندا دەبێتە سەرچاوەی ئاڵنگاری و ململانێ و بەگژیەکداچوونەوە. لە پابەندبوونی هەر تاکێکیش بە بنەما کولتوورییەکانی کۆمەڵگەکەی خۆیەوە بەتایبەتیش لە بارودۆخی ژیانی تاراوگە و مامەڵەکردن لەگەڵ کولتووری وڵات و سەرزەمینێکی دیکەدا، ئەوا تاك بە شێوەیەکی نۆستالیژییانە لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئاریشە و گرفتەکانیدا کەم تا زۆر دەگەڕێتەوە بۆ کولتوور و واقیعی کۆمەڵگاکەی، کە بە شێوەیەکی ئاگا یاخود نائاگایانە کاریگەرییان لەسەری هەیە. لە وەها بارودۆخێکیشدا تاك «بۆ لێدوان لە ئێستادا دەگەڕێتەوە بۆ ڕابردوو، واتا ئەو لە ئێستا نادوێ، بەڵکو لە زەمانی ڕابردووەوە بۆ ئێستا دەدوێ، ئەو لێرە دەژی، بەڵام خەڵکی ئێرە نییە، هۆگری بە ئێستای ئێرەوە نییە، کاتی ئەو ڕابردووی مێژووە و شوێنی ئەو مێژووی ڕابردووە، هەر بۆیە دواجار باسکردن لەم کاتەی کۆمەڵگای خۆی و لەم شوێنەی کۆمەڵگاکەی باسکردنێکی خەساوی بێ توانای نەزۆکە، کە هیچ دەسکەوتێکی ئەوتۆی لێ ناکەوێتەوە« (یەعقووبی، ٢٠٠٨، ٦٣).

لە ڕەوتی گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ئەو ڕۆمانەشدا دیاردەی کولتوور و کاریگەری لەسەر پەروەردەکرنی باری هزری و تەنانەت جەستەیی هەڵاڵەی شاکەسی ڕۆمانەکەدا، زۆر ئاشکرا دیارە و لێکەوتە و کاریگەریی هەر یەکە لە کولتووری کوردی و کولتووری وڵاتی سوێد لەسەر هەموو هەنگاوەکانی ژیانیدا بەرجەستە دەبێت و خوێنەر بە ڕوونی بەدوای ئەوەدا وێڵ دەبێت، کە ئاخۆ دواجار چارەنووسی هەڵاڵە وەك باڵندەیەکی کۆچەری هەڵنیشتوو لە وڵاتی سوێد بەچی دەگات؟ هەر بۆیە «ئەم ڕۆمانە دەشێ بکرێتە بابەتی گفتوگۆکردن لەسەر دوو کولتوور، یان دوو عەقڵ، یان دوو شارستانی جیاواز، کە ئەوانیش کولتوور و عەقڵ و شارستانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوان، کە یەکەمیان ئەو واقیعەیە، کە کەسانی ئەم ڕۆمانە قۆناغەکانی سەرەتای ژیانیان یان گەنجێتییان تێیدا بەسەر بردووە، قۆناغی دووەمیش ئەو قۆناغەیە کە بەشێکی کەسێتییەکان دوای بەجێهێشتنی وڵات و زێدی خۆیان تێیدا دەژین کە دوو واقیعی زۆر جیاوازن لە یەکتری» (قەرەداخی، ٢٠١٧، ٦٣).

## تەوەرەی دووەم: جیاوازیی کولتوورەکان و کاریگەرییان لە بەرجەستەبوونی ناسنامەی کەسێتی لە ڕۆماندا

پەیوەندییەکی پتەو و لێکئاڵاو لە نێوان کولتوور و ناسنامەدا هەیە، چونکە کولتوور تێکڕای بیروباوەڕ و ئایدیاکانی هەر تاکێك لەبارەی ئایین و زمان و نەریت و بیروباوەڕ و کەلەپوورەوە لە خۆ دەگرێت لە دواجاریشدا کۆی ئەم ڕەهەندە کولتوورییە جیاوازانە دەبنە ناسنامەی تاك لەو کۆمەڵگەیەی تێیدایە. پرسی ناسنامە لە سەردەم و قۆناغی ئێستای مرۆڤایەتیدا خۆی لە چوارچێوەیەکی فرەڕەهەندا دەبینێتەوە و بەجۆرێك چ ناسنامەی کەسێتی بێت و چ ناسنامەی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی وابەستەی چەمکە جیاوازەکانی وەك ئایین، ڕەگەز، زمان و چینی کۆمەڵایەتی و کولتوور و دابونەریتی نەتەوەیی و شێوازی ژیان دەبێتەوە و لە ژیان و چۆنییەتی ژیانی هەر تاکێکدا ڕەنگ دەدەنەوە بەتایبەتی لە بارودۆخێکدا، کە تاك بەرکەوتنی لەگەڵ کولتووری نەتەوە جیاوازەکانی دیکە بۆ دروست دەبێت و لە وەها بارودۆخێکدا لە هەوڵی وێنا کردنی ناسنامەی کەسی و نەتەوەیی تایبەتی خۆیدا دەبێت. ئەمەش بۆ کێ بوون و خۆیی بوونی ئینسانی و نەتەوەیی خۆی دەگەڕێتەوە لە بەرانبەر تاکی نەتەوە جیاوازەکاندا بە تایبەتیش لە بارودۆخی ئاوارەبوون و نیشتەجێبوونی لەسەر زەمینی وڵاتێکی دیکە و نەتەوەیەکی جیاواز لە نەتەوەی خۆی لە ڕووی زمان و ڕەگەزەوە. چونکە

دۆخی ئاوارەنشینی هەمیشە دەبێتە سەرزەمینێکی لەباری چۆنیەتی و چەندێتی وێناکردنی ناسنامە؛ ئەویش لە ڕوانگەی بەرجەستەکردنی ناسنامەی کەسێتی، کە پەیوەندیی پابەندبوونی تاك بە کێ بوونی خۆی و ئاستی ڕۆشنبیری و دونیابینی ئەو تاکەوە هەیە و لە لایەکی دیکەشەوە پەیوەندی بە مەسەلەی نەتەوەییبوونەوە هەیە، کە چوارچێوە و بازنەیەکی فراوانتری بیرکردنەوەیە لەسەر ئاستی کۆمەڵ و ڕەوەند و دەستەجەمعییەوە وێنا دەکرێت. چونکە ونبوون و لە دەستدانی ناسنامە چ وەك تاك و چ وەك کۆمەڵگە تاك دووچاری سەرگەردانی دەکاتەوە بە تایبەتی ئەو کاتەی مرۆڤ نازانێ، کە کێیە و خۆی لەگەڵ چ گروپێکدا بناسێتەوە یان بەردەوام لە هاتووچۆدا بێ لە نێوان چەند کولتوورێکی ناتەبا و دژیەکدا، چونکە ناسنامە هەڵگری ڕەهەند و پێوەری جیاوازە و وابەستەبوونێکی تەواوی لەگەڵ کولتووری نەتەوەییدا هەیە «یەك لەو ناسنامانەی کە بەشێوەیەکی کولتووری ساز دەکرێت ناسنامەی نەتەوەییە و لە ڕاستیشدا ئەم چەشنە ناسنامەیە پتر لە هەموو جۆرە ناسنامەیەك ئاماژەی پێ دەکرێت و قسە و باسی لەسەر دەکرێت، ئەگەرچی زۆرجار ناسنامەی نەتەوەیی ئاماژەیە بە ناسنامەیەك، کە لە چوارچێوەی دەوڵەت- نەتەوەیەکدا دەئافرێنرێت، بەڵام مرۆڤ ناتوانێت ئەم ناسنامەیە تەنیا لە سنوورەکانی پێکهاتەی دەوڵەت- نەتەوەدا بەرتەسك کاتەوە» (ئەحمەدزادە، ٢٠١٢، ٢٠).

ژانرەکانی گێڕانەوەش بە تایبەتی ژانری ڕۆمان، کە ڕەوتی ژیان و چارەنووسی کەسێتییەکان وێنا دەکات و تیشك دەخاتە سەر چۆنیەتیی ناساندنیان و ئاشکراکردن و دەرخستنی ناسنامەکانیان، لە چۆنیەتیی هەڵسوکەوت و مامەڵەیان لەگەڵ ئەوانی دیکەدا و چۆنیەتی پابەندبوونیان بە ناسنامەی خۆیی بوون و وەرگرتن و ڕەتکردنەوەی ناسنامەی ئەوانی دیکەدا لە کولتوورە جیاوازەکاندا، لە ئان و ساتی کاریگەری و لێکەوتەکانی هێز و پاڵنەرە دەرەکییەکان لە هەڵوێست و بارودۆخە جیاوازەکاندا. دەرکەوتن و وێنابوونی پرسی ناسنامەی نەتەوەییبوون لە ڕۆمانی کوردیدا پەیوەستە بە بارودۆخی گوتاری گێڕانەوە و گرنگیپێدانی گێڕانەوەخوازی لە ئەدەبی کوردیدا، چونکە ڕۆمانی کوردی هێندەی لە خەمی گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا بووە لە چوارچێوەی گوتاری ئاراستەکراو بۆ کێشە و ئاریشە ناوخۆییەکان، هێندە نەپەرژاوەتە سەر ئاراستەکردنی گوتار بۆ ئەو کێشە و ئاریشانەی پێوەندییان بە پرسی ناسنامەی کەسی و ناسنامەی نەتەوەییەوە هەبووە «گرنگیی ڕۆمان بۆ پرسی ناسنامە هەر لەوەدا نییە، کە لە ڕێگەی چارەنووسی کارەکتەرەکانییەوە ڕەوتی شکڵگرتن و گۆڕانی ناسنامەکان بە ئاشکرایی دەردەخات، بگرە خاڵی هەرە گرینگ ئەوەیە، کە ئەم پرسە لە دەقی فیکرییەوە دەگوێزێتەوە بۆ دەقی گێڕانەوەیی و کێشمەکێشی کاراکتەرەکانی دونیای ڕۆمان لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ یەکتردا دواجار واداریان دەکات کێ بوونی خۆیان وەك تاك و گرێدراویان بە گروپ و دەستەیەك وەك کۆ بخەنە ڕوو. ئەگەر ڕۆمانێك وەفادار بێت بە بەردی بناخەی تایبەتمەندیی ژانرییانەی خۆی واتا شۆڕبوونەوە بە ناخی کاراکتەرەکانیدا، بێگومان ناتوانێت خۆی لە پرسی ناسنامە و شێوەی پێناسە و ئاراستەی ئەم پرسە لە لایەن کاراکتەرەکانییەوە دەرباز بکات. خوێنەرەوەی ڕۆمان شانسی ئەوەی هەیە کە پێوەندیی پێچەڵپێچی ئەندامانی جیهانی ڕۆمانێك بە دوور لە دژکردەوەی ئەوان لە بەرامبەر خۆیدا تەماشا بکات و دواجار لە پەیوەندییەکی زەینییدا خۆی و کەس یان کەسانێك لە ڕۆماندا بکات بە ئاوێنەی خۆ تێدادۆزینەوە» (ئەحمەدزادە، ٢٠١٢، ٣٦). ئەمەش سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە، کە ژانری ڕۆمان بەهۆی فراوانی مەودای گێڕانەوە و هەڵوەستەکردن لەسەر ژیانی کاراکتەرەکانی و ڕۆچوون بە ناخ و دڵ و دەروون و بیرکردنەوەیان ڕەخساندنی هەلی فرەدەنگی بۆ وەدەنگهێنانی کاراکتەرەکان و گوزارشتکردن لە لایەنە جیاوازەکانی ژیانیان و پرسی ناسنامەش وەك پرسێکی خودی و نەتەوەیی بۆ ئەوانەی تاراوگەنشین دەبن تەواو لەبارە، بەڵام چۆنیەتی شکڵگرتنی ئەو ناسنامەیە لە بیرو هزری هەر تاکێکدا دەبێتە بەڵگەی وابەستەبوون و گەڕان و هەوڵدان بۆ پاراستنی ناسنامەی ئەو کەسە و قبوڵکردنی ناسنامەی کەسانی بەرانبەر و ویست و توانای خۆگونجان لەگەڵیاندا بە مەبەست و ئامانجی وێناکردنی کەسێتییەکی نوێ و کاریگەر، کە بەرئەنجامی سەرلەنوێ خۆبونیادنانەوە و ڕاهاتن و خۆپارێزی بێت، چونکە «ئەو کەسەی بە شێوەیەکی جیاواز و بەرهەمهێن بیر دەکاتەوە، ئەو کەسە نییە کە پاسەوانی شوناس و فیکرەکانی خۆی دەکا، بەڵکو ئەو کەسەیە کە فیکری

زانستی و چەمکی خوڵقێنەر و قبووڵکردنی ڕەخنە و ئەویدییەکی جیاواز لە کێڵگە بەپیتەکانی نیشتیمانەکەی خۆیدا دەچێنێ، تەنها ڕێگەیەکیش بۆ دەرچوون لەو تەنگژە کوشندانەی تیایدا دەژین، هەڵوەشاندنەوەی میکانیزمە کۆن و لەکارکەوتووەکانی بیرکردنەوەمانە لە پێناو گۆڕینی پرۆسیسە هەمەلایەنەکانی ژیانی بیرکردنەوەمان و سەرکێشی و دەرچوون لەو سنوورانەی ماوەیەکی زۆرە بە دەورماندا کێشراوە« (ئەسوەد، ٢٠٠٦، ٢٥٣).

لەو ڕوانگەیەوە چرکەساتی نیشتەجێبوون و بەرکەوتنی هەر تاکێك لەگەڵ سەرزەمینی هەر وڵات و هەرێمێکی دیکەدا ڕووبەڕووی کێشەی خۆبوون و ناسنامەی دەکاتەوە و دەکەوێتە نێوان بەرداشی چۆنیەتیی پارێزگاریکردن لە ناسنامەی تایبەتی خۆی و چۆنیەتی و چەندێتیی دەستەبەرکردنی ناسنامەیەك، کە دەرفەتی گونجان و خۆگونجاندنی پێ بدات لەگەڵ ئەو سەرزەمین و بارودۆخە نوێیەدا، ئەمەش تەنها لە ڕێگەی هاوسەنگیبوونەوە دەستەبەر دەبێت و لە بارودۆخی ناهاوسەنگبوون لە نێوان دوو ناسنامەدا تاك دووچاری لە دەستدانی ناسنامەی تایبەتی و نەتەوەیی خۆی دەکاتەوە بەهۆی پابەندبوونی تەواو بە کولتوور و زمان و سیستەمی ژیانی ئەو وڵاتە، یان دووچاری هەڵنەکردن و نەگونجان و ڕانەهاتن دەبێتەوە لەگەڵ کولتووری وڵاتەکەدا. ئەم پرسەش لە گێڕانەوەی هەندێك لەو ڕۆمانە کوردییانەی لەبارەی ژیانی تاراوگەنشینی دەدوێن، ژیانی کەسێتییەکان وابەستەی فرەکولتووری دەکەنەوە و وەك ئاریشەیەکی گرنگ لێی دەڕوانن و لەبارەیەوە دەدوێن، تیمای سەرەکی ڕۆمانی گرەوی بەختی هەڵاڵەش لەسەر ئەو بنەمایە هەڵچێنراوە «بە بۆچوونی پسپۆڕانی بواری ئەدەب و ناسنامە ئەوەیە کە گوتاری ئەدەبی بە تایبەت گوتاری گێڕانەوەیی یاخۆ ئەدەبی داستانی، ڕۆڵێکی سەرەکیی گێڕاوە لە ئافراندنی ئەو بنەمایانەی کە ئەندامانی نەتەوەیەك دەکاتە خاوەنی ئەو هێزە، کە بتوانن ئەندامانی تری نەتەوە لە زەینی خۆیاندا وێنا بکەن و هاوڕێیەتییەکی ئاسۆیی قووڵ وەدی بهێنن ئەوە ئەو کارەیە کە بە باوەڕی بێنێدیکت ئەندێرسون ڕۆمان توانیویەتی بیکات» (ئەحمەد زادە، ٢٠١٢، ٢٣) ئەمەش لەو ڕوانگەیەوە، کە گوتاری گێڕانەوەیی ڕۆمان دەتوانێت وەك کەرەستەیەکی باوەڕپێکراو بێت بۆ لێکۆڵینەوەی لایەنە جیاوازەکانی ژیانی تاکییانە و کۆمەڵایەتییانەی کۆمەڵگایەکی دیاریکراو لە سەردەم و قۆناغێکی دیاریکراودا. بەتایبەتیش وێنەگرتن و باسکردن لە هەندێك لەو کەسێتییانە بەشێوەیەکی ڕیالیستی ئەوتۆ، کە گوزارشتبێت لە ژیانی هەر تاکێك لە واقیعی ژیانی هەندەراندا.

«ئەم ڕۆمانە لە چەند ڕوویەکەوەیە گرنگە، ئەویش شێوازی گێڕانەوەی ڕیالستیانە، تانوپۆ و پلۆت چنینەوەیەتی. هەروەها دەنگەکانی ناو ڕۆمانەکە و ڕوونی و شەفافیەتی بابەتەکان و قووڵبونەوە بە ناو ململانێیە چینایەتی و کولتوورییەکان، هاڕمۆنییانە کار لە خوێنەر دەکەن. گێڕانەوەی واقیعیانەش خۆی لە خۆیدا، گێڕانەوەی خەیاڵە لەسەر زەوی ڕیاڵ ڕوودەدات» (حەمەامین، http://cultureproject.org.uk/kurdish/woman). ڕۆمانیش لە بنەڕەتدا ئەفراندنەوەی واقیعی مرۆڤ و کۆمەڵگەیە لە داڵانی زەینیی ئەفرێنەرێکدا، کە خەیاڵ و فەنتازیا دەکات بە کەرەستەی بەرفراوانکردنی ئاسۆکانی بیرکردنەوە، بۆ باشتر دەربڕین و گوزارشتکردن لە ڕەوتی ژیانی کاراکتەرەکان لە دونیای گێڕانەوەی ڕووداوەکانیاندا.

## بەشی دووەم: گرەوی کولتوورە جیاوازەکان لە گرەوی بەختی هەڵاڵەدا

### تەوەرەی یەکەم: ناونیشانی ڕۆمانەکە لە نێوان دوو کولتووری جیاوازدا

ڕۆمانی گرەوی بەختی هەڵاڵەی ڕۆماننووس عەتا نەهایی لە دوو توێی (٣٧٨) لاپەڕەدا داڕێژراوە و ساڵی (٢٠٠٧) بڵاو کراوەتەوە. ئەم ڕۆمانەی ڕۆماننووس عەتا نەهایی جیا لە ڕۆمانەکانی دیکە دوو ناونیشانی پێ دراوە و هەردوو ناونیشانەکەش خوێنەر دەخەنە بەردەم بیرکردنەوە و تێرامان و ڕۆیشتن بەدوای چارەنووسی هەڵاڵەی کەسێتی سەرەکیی ڕۆمانەکە، هۆکاری ئەم وێڵبوونەی خوێنەریش بۆ چارەنووسی شاکەسی ڕۆمانەکە بۆ هێزی واتای وشەکان دەگەڕێتەوە، کە ناونیشانی ڕۆمانەکەیان پێك هێناوە و وەك ڕوونیشە «ناونیشان دەقێکی بچکۆڵەی چڕکراوی ڕستەیی پڕ لە ئیحایە، کە ڕۆڵێکی گرنگی لە چۆنیەتیی خوێندنەوەکەدا هەیە، لە ئاستی دەربڕینیشدا پێکهاتەیەکی زمانەوانییە و لە سەرەوەی دەقەوە ڕۆڵی لە خەملاندنی بابەت و شەقڵپێدانی تیمەدا هەیە، هەوڵ دەدا کۆد و هێماکانی دەق بکاتەوە و بینینی نووسەرەکە

لـە لای خوێنـەر ڕۆشـن بکاتـەوە. واتـە هـەوڵ دەدا لـە مەتـن و پێکهاتەیەکـی گشـتیدا شـکڵێك بـە ڕوانیـن و بینینـی دەقەکـە بـداو بەرجەسـتەیان بـکا» (ئەسـوەد: ٢٠٠٦: ٧٤).

ناونیشـانی ڕۆمانەکـە بـە وشـەی گـرەو دەسـت پـێ دەکات، گرەوکـردن خـۆی لـە خۆیـدا واتـای بردنـەوە یـان دۆڕان دەدات بـە دەسـتەوە و وشـەی بەختیـش بەهەمـان شـێوە سروشـتێکی دوالیزمیانـەی هەیـە دەشـێ بـاش بێـت و دەشـێ خـراپ بێـت، نـاوی هەڵاڵـەش لەخـۆڕا بـۆ پێکهاتـەی ئـەم ناونیشـانە هەڵنەبژێـردراوە لـە لایـەن ڕۆمانووسـەوە، چونکـە وەك دەزانیـن هەڵاڵـە لـە بنەمـادا نـاوی جـۆرە گوڵێکـە و واتـا و دەلالەتـی ناسـکی و پاکیـش دەدات و لـە ڕەوتـی ڕووداوەکانـی ژیانـی ئـەم کەسێتییەشـەوە ئـەوە هەسـتی پێدەکرێـت. بـەم پێـوەرە بێـت ڕۆماننـووس لـە ڕێگـەی دارشـتنی ناونیشـانی ڕۆمانەکـەوە بـەم شـێوەیە خوێنـەر دەخاتـە بـەردەم پرسـیاری هەمەجـۆر و نادیـادر و هـەر ئەمـەش وایکـردووە ئـەم ڕۆمانـە لـە نێـو دونیـای ڕۆمانـی نوێـی کوردیـدا جێـی بایـەخ پێـدان و قسـە لەسـەر کـردن و تێرامـان بێـت، چونکـە خوێنـەر لەبـەردەم ناونیشـانێکە، کـە لـە ڕووی پێکهاتەییـەوە واتـای قووڵـی لـە خۆیـدا هەڵگرتـووە و ناتوانـێ وەك باوکـی هەڵاڵـە لەسـەرەتاوە گـرەو لەسـەر چارەنووسـی هەڵاڵـە بـکات، بەڵکـو دەبێـت بـە دوای هەنگاوەکانـی هەڵاڵـەدا بـڕوات و تـا بزانێـت گـرەوی ژیـان و ڕووی بەخـت و ناسـکییەکەی بەکـوێ دەگات؟! هـەر وەك ئـەوەی لـە لاپـەڕەی (٢٣٥ )ی ڕۆمانەکـەدا حەمەڕەشـیدی باوکـی هەڵاڵە لەبـارەی برایمۆکـی دڵخـوازی هەڵاڵـەوە بـە هەڵاڵـە دەڵێـت: «ئـەو هەتیـوە جێـی بـڕوا و متمانـە نییـە و تـەواو. گوتـی: ئامـادەم گـرەوت لەگـەڵ ببەسـتم ئێسـتا شـووی پـێ بکەیـت، دوای مانگێـك پیلـەت پێدەگرێـت و داوات لـێ دەکات لەگەڵیـدا بچیتـەوە بـۆ شـار و خۆتـان تەسـلیم بکەنـەوە. گوتـی ئامـادەم گـرەوت لەگـەڵ ببەسـتم تەنانـەت ئەگـەر شووشـی پـێ نەکەیـت، بـەو مەرجـەی ڕووی نەدەیتـێ و لێـت نائومێـد ببێـت، دە ڕۆژ ناخایەنـێ کـە کۆڵەپشـتییەکەی بەشـانیدا دەدا و بـەو دیـو شـاخەکەدا بـەرەو شـار خـل دەبێتـەوە «(نەهایـی، ٢٠٠٧، ٢٣٥).

جگـە لەمـە عەتـا نەهایـی بـە دارشـتنی ناونیشـانی دووەم و سـێبەر بـۆ ڕۆمانەکـەی جارێکـی دیکـە خوێنـەر ناچـار دەکات لـە گـەڕان و سـۆراغکردن بـەردەوام بێـت بـە دوای چارەنووسـی هەڵاڵـەدا، کـە وەك باڵندەیەکـی کۆچـەری نـاوی لـێ دەنێـت، چونکـە ناونیشـانە سـێبەرەکە یاخـود لاوەکییەکـە بریتییـە لـە (دواڕۆژەکانـی چارەنووسـی باڵندەیەکـی کۆچـەر) واتـا لـە بنەڕەتـدا عەتـا نەهایـی ناونیشـانی ڕومانەکـەی بـەم شـێوەیە دارشـتووە (گـرەوی بەختـی هەڵاڵـە- دواڕۆژەکانـی چارەنووسـی باڵندەیەکـی کۆچـەر) دیـارە ئەمـەش وردی و بیرتیژیـی ڕۆماننـووس نیشـان دەدات، کـە ویسـتوویەتی خوێنـەر بخاتـە نێـو یارییەکـی گێڕانەوەیـی هونـەری پـڕ واتـا و بیـر کردنـەوەی قووڵـەوە، چونکـە ناونیشـان سروشـتی کەمەندکێشـیکردنی خوێنـەری هەیـە ئەگـەر بـە مەبەسـت دارێـژرا و تـەژی کـرا لـە واتـا و دەلالەتـی نادیـار لـەو ڕوانگەیـەوە، کـە دەروازەی چوونـە نـاوەوە و تێگەیشـتن لـە هـەر دەقێکـی ئەدەبـی ناونیشـانە «بـۆ تێگەیشـتنی نێوبـاس و ناوەڕۆکـی هـەر دەقێکـی ئەدەبـی دەکـرێ یەکـەم جـار نیشـاندەرێك لـە ناونیشـانەکەوە وەرگریـن» (کەمـال میراودەلـی، ٢٠٠٧، ٣٨)، چونکـە ناونیشـان وەك کلیلـی دەق وایـە بـۆ تێگەیشـتن لـە ناوەڕۆکـی هـەر دەقێکـی ئەدەبـی، دەلالـەت و واتـای گشـتیی دەق لـە خـۆی دەگرێـت و وێنـەی تـەواوی دەق بـە خوێنـەر دەبەخشـێت، هـەر بۆیـە «ئەمـڕۆ لـە ڕەخنـەی ئەدەبیـی هاوچەرخـدا، زیاتـر گرنگـی بـە ناونیشـان دەدرێـت. بـە تایبەتـی لـە ڕووی پێکهاتـە و ئـەرك و ڕۆڵـی سـیمانتیکی و چۆنێتیـی پێوەندیـی بـە دەقـی ئەدەبییـەوە» (فـواد ڕەشـید، ٢٠٠٧، ٥٨).

وەك ڕوونیشـە لـە پشـت دانانـی ناونیشـانەوە دەشـێ مەغـزا و مەبەسـتی شـاراوە هەبـێ ئەویـش لـە دوو ڕوانگـەی جیـاوازەوە؛ لـە لایەکـەوە دەشـێ مەبەسـتی نووسـەر لـە دانانـی ناونیشـان نیشـاندان و ڕوونکردنەوەیەکـی بـێ پێـچ و پەنـای نـاوەڕۆك و تیمـەی تێکسـتەکەی بێـت و خوێنـەر پەلکێشـی نـاو تێکسـتەکەی بـکات، لـە لایەکـی دیکـەوە ڕەنگـە نووسـەر نەیەوێـت ڕاسـتەوخۆ خوێنـەر ناونیشـانەکە وەك کلیلێکـی سـیحری بـەکار بهێنێـت بـۆ تێگەیشـتن لـە نـاوەڕۆك و جیهانبینـی تێکسـتەکە، بـەم کـردارەش هەنـدێ جـار ئاسـۆی پێشـبینیکردنی خوێنـەر بـۆ دەق هەڵدەگەڕێتـەوە. عەتـای نەهاییـش لـە دانانـی ئـەم ناونیشـانەدا نەیویسـتووە خوێنـەر ڕاسـتەوخۆ و بـێ پێـچ و پەنـا لـە واتـای دەقەکـە تـێ بـگات، بەڵکـو بـە هێنانـی وشـەی (گـرەو) لـە بەشـی یەکەمـی ناونیشـانەکە و وشـەی (چارەنـووس) خوێنـەر دەخاتـە گومانـەوە و ناچـاری ئـەوەی دەکات بـە دوای ئـەو چارەنووسـەدا وێـڵ بێـت، کـە لـە ئەنجامـی ئـەو گرەوکردنـەوە بەختـی هەڵاڵـە نیشـان

دەدات. لەم ڕوانگەیەوە ڕۆماننووس لە ڕێگەی زەقکردنەوەی ناوی شاکەسی ڕۆمانەکە، کە هەڵاڵەیە و دانانی وەك بەشێك لە پێکهاتەی ناونیشانی ڕۆمانەکەوە و هێنانی وشەی گرەو و بەخت و دواتریش چواندنی بە باڵندەیەکی کۆچەری، چارەنووس و دوارۆژەکانی نادیار دەکات بەمەش دەیەوێت یارییەکی ئیستاتیکی جوان و سەرنجراکێش لەگەڵ بیرو زەینی خوێنەردا بکات و وابەستەی دوو کولتووری بکات، کە دواجار هەردوو کولتوورەکە دەبن بە سەرچاوەی نەهامەتی و بەخت ڕەشی و چارەنووسی وێرانکەر بۆ هەڵاڵەی شاکەسی ڕۆمانەکە.

## تەوەرەی دووەم: جیاوازیی کولتووری و کاریگەری لە گێڕانەوەی ڕۆمانەکەدا

نەتەوە جیاوازەکان خاوەنی کولتووری تایبەت بە خۆیانن و ڕەهەندە جیاوازەکانی ئەم کولتوورە وەك سیستەمێك تاکەکانی ئەو کۆمەڵگەیە کۆنترۆڵ دەکەن و لە ئەگەری ڕووبەڕووبوونەوەی تاك لە بەرامبەر کولتوورێکی جیاوازدا هەستکردن بە نامۆیی و ئەگەری نەگونجان لە ناخ و دەروونی ئەو تاکەدا سەرهەڵدەدات، گەر هاتوو پێشتر هۆشیاری و ئامادەیی خودی وەرنەگرتبێت، چونکە «مرۆڤەکان بە شێوازێکی جیاواز شتەکان دەبینن و لێکیدەدەنەوە و هەڵیدەسەنگێنن. ئەوەی لە کولتوورێکدا بە ڕەفتارێکی گونجاو دادەنرێت، زۆرجار لە کولتوورێکی دیکەدا نەگونجاو دەبێت. تێنەگەیشتنەکانیش کاتێک سەرهەڵدەدەن، کە تاك مانا و تێگەیشتنە خودییەکانی بەکار دەهێنێت بۆ ئەوەی واقیعە نوێیەکە مانای هەبێت» Quappe, Cantatore ,٢٠٠٥,١ )) وەك بەشێك لەو ڕۆژهەڵاتییانەی ڕوو لە وڵاتانی ڕۆژئاوا دەکەن و بەهۆی پابەندبوونیان بە کولتوور و شێوازی ژیانی ڕۆژهەڵاتییەوە ناتوانن بە تەواوی لەگەڵ کولتووری ئەوێدا خۆیان بسازێنن و هۆشیارییەکی ئەوتۆیان لەبارەی کولتوورە جیاوازەکانەوە نییە و لەم دۆخەدا ناتوانرێت پەیوەندییەکی دروست و بەهێز لەگەڵ کولتووری بێگانەدا دروست بکرێت. لە ڕۆمانی گرەوی بەختی هەڵاڵەدا بەهۆی جیاوازیی تێڕوانین و جیهانبینیی هەر یەك لە (هەڵاڵە و شێرزاد) وەکو ژن و مێردێکی ڕۆژهەڵاتی ئەم دیاردەی ڕاهاتن و ڕانەهاتن و نەسازانە لەگەڵ کولتووری وڵاتێکی پێشکەوتووی وەك سوێد زۆر بە ئاسانی هەستی پێ دەکرێت، بەتایبەتی لەلایەن شێرزادەوە

کاتێك هەست بەوە دەکات هەڵاڵە بە پێچەوانەی دابونەریتی کوردەواری و وەك ژنێکی ڕۆژهەڵاتی ڕەفتار ناکات و دەیەوێت تەواو دژ بە دابونەریتی کۆمەڵگەکەی خۆی بوەستێتەوە «شێرزاد گوتبووی: ژنانی لای ئێمە کە پێیان دەگاتە ئێرە هەر زوو هەموو دابونەریت و بەها ئەخلاقییەکانی لای خۆمان فەرامۆش دەکەن، کاکە مەجید هەموو شتە جوانەکانی لای خۆمانیان لەبیر دەچێتەوە«(نەهایی، ٢٠٠٧، ٧٣). ئەم تێڕوانینە بۆ کولتوور لەسەر زار و دیالۆگی نێوان شێرزاد و مەجیدی ژن براشیدا ئاماژەی پێ دەکرێت کاتێك مەجید ئاماژە بە کێشەی نێوان خانەوادە تاراوگەنشینەکان دەکات و بە شێرزاد دەڵێت: «من بێ ئەوەی ژن یان پیاو تاوانبار بکەم، دەزانم کە بەشێك لە کێشەی بنەماڵەی پەنابەران لە جیاوازیی کولتووری ئێرە و وڵاتەکەی خۆیانەوە سەرچاوە دەگرێت» (نەهایی، ٢٠٠٧، ٧٣). عەتا نەهایی خۆی لەبارەی فەزای چیرۆکی ئەم ڕۆمانە و هەستکردن بە جیاوازیی کولتوورەکان لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا لە سەردەمی مۆدێرنتەدا و ژیلەمۆی هەڵگیرساندنی ئاریشەی نێوان هەڵاڵە و شێرزاد لە فەزای وڵاتێکی وەك سوێددا دەڵێت: ((من پێم وایە ئەم ڕۆمانە وەک بەشێک لە کارەکانیترم، ئاوڕی لە کێشەیەک داوەتەوە، کە کێشەی سەرەکیی مرۆڤ و کۆمەڵگەی کوردییە. ئەمەش کێشە و ناکۆکیی نێوان مۆدێرنێتە و نەریتە، یان شێوەی بیرکردنەوە و ژیانی مۆدێرن لەگەڵ شێوەی بیرکردنەوە و ژیانی کۆن و نەریتییە. ئەگەر ئەم کێشەیە بەلای هەندێک کەسەوە لەم ڕۆمانەدا وەک کێشەی نێوان دوو کولتووری خۆراوایی و خۆرهەڵاتی خۆی دەنوێنێت لەبەر ئەوەیە، کە بەشێک لە فەزای چیرۆکەکە و شوێنی ڕووداوەکان وڵاتێکی خۆراوایی وەک سوێدە» (عەتا نەهایی، ٢٠١٨، ١٠).

دەسپێکی ژیانی هاوسەرێتی هەڵاڵە و شێرزاد لە کولتووری وڵاتێکی کراوەی وەك سوێد ئاستی تێڕوانین و تێگەیشتن و خۆگوجاندنی هەریەکێکیان بۆ کولتوورە نوێیەکە بەڕوونی دەردەکەوێت، بەتایبەتی کاتێك هەڵاڵە لە ڕێگەی بەرنامەیەکی ڕادیۆییەوە هێرش دەکاتە سەر کولتووری کوردی و بە کولتوورێکی دواکەوتووی ناو دەبات ((شێرزاد کاتێك زۆر تووڕە ببوو، کە هەڵاڵە لە بەرنامەیەکی ڕادیۆییدا ڕەخنەیەکی توند و تیژی لە کولتوور و مێژووی پڕ توندوتیژیی کورد گرتبوو... هەڵاڵەش، شێرزاد گوتەنی، قولاپەی کولتوور و مێژووی

میللەتەکەی گرتبوو. سەرچاوەی هەموو ئەو شەڕو شۆڕانەی بۆ کولتوور و مێژووی پڕ لە توند و تیژی نەتەوەکەی گێڕابووەوە... شێرزادیش گوتبووی: ئەو قسانە لە تفی بەرەوژوور دەچن. لە وەڕینی سەگ لە کونی خۆی. هەڵاڵە گوتبووی: چاوت لێیە من بە هەڵە نەچووم. ئەوەش لە هەڵوێستی کوردانە. ئەو هەڵوێستەی تۆ نموونەی کولتوور و عەقڵی کوردییە. هەڵاڵە دیسان پێکەنیبوو. گوتبووی: باشە بۆ دەبێ سەگ مافی ئەوەی نەبێ لە کونی خۆی بوەڕێت؟ ئەی بۆ تۆ مافی ئەوەت هەیە کە قسە بەمن بڵێیت؟...سەگ خۆتی. سەگ باوکتە. باپیرتە...هەڵاڵە پێنەکەنیبوو، داچڵەکیبوو. کاتێک زیاتر داچڵەکی کە شێرزاد بەدەم قسەو جنێوەوە شاڵاوی بۆ برد و دەستی لێ بەرزکردەوە)) (نەهایی، ٢٠٠٧، ٨٢).

شێرزاد وەك تاکێکی ڕۆژهەڵاتی پەروەردەکراو و پابەند بە کولتووری پیاوسالارانەی کۆمەڵگەی کوردیی ڕەفتار دەکات و ناتوانێ خۆی لە بازنەی ئەم کولتوورە خودی و نەتەوەییە ڕزگار بکات، ئەمەش دەبێتە سەرەتای دەرکەوتنی ناکۆکی و کێشەکانی لەگەڵ هەڵاڵە، هەر ئەم ڕوانینە جیاوازە بۆ کولتووری ئەم وڵاتە وادەکات ململانێیەکی هزرییانەی توند لە نێوان شێرزاد و هەڵاڵەدا سەرهەڵبدات و ڕۆژ لەدوای ڕۆژیش گومان و دوو دڵیان لە بەرانبەر یەکتردا زیاتر بێت، بە تایبەتی لە لایەن شێرزادەوەو دوای هەستکردن بە کرانەوەی زیاتری هەڵاڵە لە ڕەفتارکردنی لەگەڵ دکتۆر سەعیدی ڕەحمانیدا لە ناو زانکۆ و کاتی خوێندنیدا ((ئەم ڕۆمانە ڕۆمانێکە کە پڕە لە ململانێ و ڕووبەڕوو بوونەوە؛ هەڵبەت ڕووبەڕووبوونەوە تەنیا بە واتای شەڕی دەستە و یەخە و فیزیکی نا. بەڵکو جیاوازیی بیر و بۆچوونەکان و ڕووبەڕووبوونەوەی ئەندێشەکان لەگەڵ یەک، کە دیمەنێکی سەرنج ڕاکێشی پێکهێناوە)) (عەلی حوسەینی، ٢٠٢٠، ١).

هەر بۆیە دەبینین جیاوازیی تێڕوانین بۆ چۆنیەتی ژیان و لێکجیاوازیی ئاراستەی بیرکردنەوەیان، شێرزاد بە ئاراستەی پابەندبوون بە نەریتی ڕۆژهەڵاتی و کوردەوارییانەدا دەبات. ئەم پابەندبوون و وازهێنانە بە مەسەلەی کولتوورەوە لە دیالۆگێکی نێوان و شێرزاد و مەجیدی برای هەڵاڵەدا دەردەکەوێت کاتێك بە مەجید دەڵێت: ((لە وڵاتی خۆمان تۆ هەرگیز ڕێگەت بەخۆت نەدەدا، کە لەبەرچاوی ژن و منداڵی مندا رووت ببیتەوە، منیش ئیجازەی ئەوەم پێ نەدەدای، لە وڵاتی خۆمان تۆ ئەگەر نەك زاوا، بەڵکو براشم بویتایە، نەمدەهێشت بن باڵی ژنەکەم ببینی، بەڵام لێرە سەیرکە تۆ و هەموومان بە ڕووتی لەبەرچاوی یەکتردا مەلەدەکەین و دادەنیشین))(نەهایی، ٢٠٠٧، ٧٦) بە پێچەوانەی ئەو ئاراستەیش هەڵاڵە بە ئاراستەی دەستبەردابوون لە کولتووری نەتەوەیی و کرانەوە و خۆ گونجانی تەواو بە کولتووری وڵاتی سوێددا دەبات و بێباکانە وەك ژنێکی ئەو وڵاتە ڕەفتار دەکات. فاکتەری ڕاستەقینەی نەگونجانی شێرزاد لەگەڵ کولتووری وڵاتی سوێد ئەگەر بەشێکی بۆ چەقبەستوویی هزری و تەسکی دونیابینی خۆی بگەڕێتەوە، ئەوا بەشێکی زۆریشی وەك کاردانەوە بۆ زیادەڕۆیی خۆگونجاندنی هەڵالە دەگەڕێتەوە بۆ کولتووری ئەو وڵاتە «هەڵاڵەش ئەگەر ئاگادارییەکی ڕێژەیی لە هەر دوو کولتوورەکەش ببێت، کەوتووەتە دۆخێکەوە کە ناتوانێت دانوستانێکی دروستیان لەگەڵ بکات» (عەتا نەهایی، ٢٠١٨، ١٠). هەر بۆیە ڕۆماننووس لە ئەفراندنی کەسایەتیی ئەم دوو کەسێتییەدا ئەوپەڕی توانای خۆی خستۆتە کار و تەنانەت ڕەهەندە دەروونییەکانی هەردوو کەسێتییەکەش نیشانی خوێنەر دەدات، کە خۆیان لە بارێکی نائارامی دەروونیدا دەبیننەوە، وەك: ئۆقرە نەگرتن و نەگونجان لەگەڵ یەکتر «لە ڕۆمانی گرەوی بەختی هەڵاڵەدا، هەڵاڵە بەهۆی مەوداگرتن لە فەرهەنگی نەریتی بە دەست هاوسەرەکەی بە ناوی پارێزگاری لە شەڕەف و دابونەریتی کوردەوارییەوە دەکوژرێت، کارەکتەرەکانی ڕۆمانەکانی عەتا نەهایی لە هیچ کوێیەك ئارامیان نییە. ئەوان نە لە هەندەران و نە لە وڵاتی خۆیان هەست بە ناسنامەی خۆیان و خاوەن ماڵی ناکەن» (ئەحمەدزادە، ٢٠٠٩، ١٩) لەم ڕوانگەیەوە ڕۆماننووس ناچار بووە شێرزاد وەك کەسێتییەکی نەگۆڕ و چەقبەستوو وێنا بکات، کەوا نەك هەر ناتوانێ لەگەڵ کولتووری ئەو وڵاتەدا هەڵبکات، بەڵکو بەردەوام لە بیری هەڵەکردندایە و دژبەری سیستەمی پەروەردەیی و کولتووریی و تەنانەت یاسایی ئەو وڵاتەش دەبێتەوە، هەر بۆیە ڕۆماننووس لە خوڵقاندنی ئەم دوو کارەکتەرەدا لە ڕووی بینای کەسێتییانەوە هەر یەکەیانی بە جۆرێك وێنا کردووە، کە شێرزادی وەك کەسێتییەکی نەگۆڕ و چەقبەستوو لە ڕووی بینای کەسێتییەوە دروست کردووە

و هەڵاڵەشــی وەك کەســێتییەکی پەرەســێن و گــۆڕاو بەرجەســتە کــردووە و ئــەم کرانــەوە و پەرەســەندنەی کەســێتیی هەڵاڵــەش دواجـار دەبێتـە هـۆکاری سـەرکۆنەکردنی لـە لایـەن کەسـوکارەکەی، لــە پێــش هەمووانیشــەوە شــێرزادی هاوســەری «ڕاســتە شــێرزاد لــە ســوێد دەژی، بــەڵام هیــچ جــۆرە گۆڕانکارییەکــی بــە ســەر خاڵەکانــی ئــەو سیســتەمە ئەخلاقییــە ســونەتییە نەهێنــاوە و ئەوەتانــێ بەرگــەی شــێوەژیان و هەڵســوکەوتی هەڵاڵــە و سیسـتەمی یاسـایی و کۆمەڵایەتـی سـوێد ناگـرێ و لـە ئەنجامـدا هەڵاڵـە دەکـوژێ. هەروەهـاش، ئـەم خەنجـەرە، وەکـو هێمایەکـی فالیــک، ســنووری نێــوان دوو جــۆر کەســایەتیی تــەواو جیــاوازە لـەم ڕۆمانـەدا. لـە لایەکـەوە باوکـی هەڵاڵـە و شـێرزاد و سـەرجەم ئــەو کەســایەتییانەی ســەرکۆنەی هەڵســوکەوتی هەڵاڵــە دەکــەن و لــە لایەکــی تــرەوە هەڵاڵــە بــە تەنیــا خــۆی کــە هــەوڵ دەدا لــە یاســاکانی ئــەو سیســتەمە ئەخلاقــی و کۆمەڵایەتییــەی تێیــدا گــەورە بــووە هەڵبــێ. هەربۆیــە، لێــرەدا ئەمــە سیســتەمەکەیە کــە دەبیاتــەوە و ئەمــە ســەرپێچیکەر لــەو سیســتەمەیە، واتــە هەڵاڵــە، کــە دەیدۆڕێنــێ و کۆتایــی ئــەم ململانێیــەش هیــچ نییــە جگــە لــە دواهەمیــن وشــەی ڕۆمانەکــە، واتــە کاتاســترۆف بــە مانــای کارەســات» (ســەجادی ٢٠١٠، ١٥).

لــە جیاوازیــی ڕوانینــی شــێرزاد بــۆ کولتــووری ڕۆژئــاوا ڕۆماننــووس ڕوویەکــی ئاشــکرای ژیــان لــە نێــوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئـــاوادا نیـــشان دەدات و بۆمــان بــۆ دەردەخــات، کــە چــۆن تاکــی ڕۆژهەڵاتــی نــەك هەر ناتوانــێ لــە زەمینــەی ڕۆژئــاوادا بــوونی خــۆی بــسەلمێنێت، بەڵکــو ناتوانێـــت لــەگەڵ کولتــوور و عەقڵــی ئەوێـــدا هەڵبکـــات و بـــژی، دەکەوێـــتە بـــارێکی دەروونــی ئەوتــۆوە، کــەوا تێــ دەگات کولتووری ڕۆژئـــاوا بـــوون و شووناســی ئەم وەکــو مــرۆڤ بەتــەواوی هەڵدەوەشــێنێتەوە. ئەگەرچــی عەتــا نەهایــی خــۆی کێشــەی نێــوان هەڵاڵــە و شــێرزاد بــە کێشــەی نێــوان دوو کولتــوور نابینێــت، هێنــدەی بــە یەکێــك لــە ڕەهەندەکانــی نێــوان کولتووریــی دەزانێــت، کــە ئەویــش بێئاگایــی کارەکتــەرەکان و ڕانەگرتنــی هاوســەنگییە لەگــەڵ کولتــووری وڵاتێکــی وەك ســوێد، ئەگەرچــی ئــەم بۆچوونــە لــە جێگــەی خۆیەتــی، بــەڵام بــە بۆچوونــی ئێمــە لــە خوێندنــەوەی ڕووداوەکانــی ڕۆمانەکــەوە ئــەوە دەردەکەوێــت بنچینــە و بنەمــای کێشــە و ئاریشــە و کارەســاتە تراژیدییــەکان بــە کوژرانــی هەڵاڵەشــەوە دەرئەنجامــی بوونــی جیاوازیــی پــەروەردەی کولتــووری هەڵاڵەیــە لــە کولتــووری ســوننەتی کوردســتان و کولتــووری ڕادیکاڵییانــەی وڵاتــی ســوێد.

ڕۆماننــووس لــە پابەندبــوون بــە کولتــووری ســوننەتی یــان نەریتــی کۆمەڵگــەی ڕۆژهەڵاتــی و لــە نێویــدا پابەندبــوون بــە کولتــووری کــوردی، کــە گــرەوی بەختــی دەیــان و ســەدان ژنــی وەك هەڵاڵــەی لەســەر بونیــاد نــراوە خــودی کەســایەتییەکانی نێــو ڕووداوەکان بــە ئەنــدازەی خــۆی بەتاوانبــار دەزانێــت لــە چۆنییەتیــی مامەڵەکــردن و خۆگونجانــدن و خۆنەگونجانــدن لەگــەڵ کولتــووری ڕۆژهــەڵات و ڕۆژئـاوادا، هـەر بۆیـە لـەم دیدگایـەوە دەڵێـت: «مـن کێشـەی نێـوان مۆدێرنیتــە و نەریــت یــان شــێوە بیرکردنــەوە و ژیانــی مۆدێــرن و تەقلیـدی، بـە کێشـەی نێـوان دوو کەلتـووری ڕۆژاوایـی و ڕۆژهەڵاتـی نازانــم. بەڵکــوو بــە کێشــەی نێــۆان کولتوورێکــی تــازەی هاوچــەرخ و جیهانشــموول لەگــەڵ کولتوورێکــی کۆنــی لۆکاڵــی و ناوچەیــی تێدەگــەم. نمایشــی ئــەو ڕووداو و کارەســاتە تراژیکانــە دەکات کــە بەرئەنجامــی ئــەم جــۆرە لــە مامەڵــە و ڕووبەڕووبوونــەوە چــەوت و هەڵەیەیـە کـە لـە نەناسـینی هـەر دوو کولتوورەکـەوە سـەرهەڵدەدات. بـۆ نموونـە مـن شـەڕ و کێشـەی هەڵاڵـە و شـێرزاد بـە شـەڕ و کێشـەی نێــوان دوو کولتوورەکــە نازانــم» (نەهایــی، ٢٠١٨، ١٠).

### تــەوەرەی ســێیەم: کولتــووری پیاوســالاریی و ونبوونــی ناســنامە لــە گێڕانــەوەی گــرەوی بەختــی هەڵاڵــەدا

عەتـای نەهایـی لـە گێڕانـەوەی ڕووداوەکانـی ڕۆمانـی گـرەوی بەختـی هەڵاڵـەدا چەنـد مەبەسـتێکی واتایـی دەدات بـە دەسـتی خوێنـەر و بـەر زەینـی خوێنـەری پـێ ڕوونـاك دەکاتـەوە. ڕۆمانەکانـی (عەتـا نەهایـی) لـەڕووی بیرۆکـە و شـێوازی نووسـینەوە جـۆرە شـێوازێکی تایبـەت بەخۆیـان وەردەگـرن، چونکـە «نەهایـی لەرێــگای بەکارهێنانــی زۆربــەی خەســڵەت و تایبەتمەندییەکانــی ڕۆمــان، تێگەیشــتنێکی تــری لەمــەڕ هونــەری ڕۆمانــی هاوچــەرخ هێنایــە ئــاراوە» (احمــدزادە، ٢٠٠٦، ٨٤) یەکەمیــن هێــمای واتایــی گێڕانــەوەی گــرەوی بەختــی هەڵاڵــە بریتییــە لــە ئامــاژەدان بــە ڕەهەنــدی پیاوســالاری لــە کۆمەڵگــەی پاتریارکیــدا و لــەم بارەیــەوە عەلـی حسـەینی دەڵێـت: «لـە ڕۆمانـی گـرەوی بەختـی هەڵاڵـەدا عەتـا نەهایـی ویسـتوویەتی بـە ناوەرۆکـی ناموسپەرەسـتی کـە دیاردەیەکـی دزێـوە لـە نـاو کوردانـا سـەرنجی خوێنـەر ڕابکێشـت و وا دەردەکــەوێ کــە ئــەو کارەشــی بــە باشــی بــە ئەنجــام

گەیاندبێ هەر بۆیە بەردەنگ ڕۆ دەچێتە ناخی کارەکەوە. لەم ڕۆمانەدا باوکی هەڵاڵە کە خۆی بە کەسێکی دڵسۆز و شۆڕشگێڕ دەزانێ بەردەوام هەوڵ دەدا، کە لە سەردەمی تازە لاوی و مێرمنداڵیدا کچێتی لە هەڵاڵە بسڕێتەوە و وەک کوڕێک بیناسێنێ بە خەڵک»(حوسەینی، ٢٠٢٠، ١). هەربۆیە دەبینین ئەم هەستی پیاوسالارییەی لە هزر و بیری باوکی هەڵاڵەدا هەیە، کە ڕەگوڕیشەکەی لە کولتووری پیاوسالارییەوە سەرچاوەی گرتووەو لە ڕووی پەروەردەییەوە کاریگەری لەسەر کەسێتی و ڕەفتاری هەڵاڵەدا جێ هێشتووە «لە کۆمەڵگای نێرینەسالاریدا دەسەڵاتی نێرینە و هەقایەتی داسەپاوی ئەم دەسەڵاتە، دەبێتە ئەسڵێکی حاشاهەڵنەگری کولتووری و ڕەنگدانەوەی لەسەر کەسانی دەروبەری دەبێت» (یەعقووبی، ٢٠٠٨، ٣٥).

عەقڵییەتی پیاوسالاری حەمەڕەشید ئاغای باوکی هەڵاڵە وا لە هەڵاڵە دەکات تا تەمەنی دوای خۆناسینیشی وەك ڕەگەزی نێر هەڵسوکەوت بکات و لە ڕووی ڕەگەزییەوە ناسنامەیەکی کوڕانە و نێرینەیی پێ ببەخشێت، بۆیە هەڵاڵە لەژێر کاریگەریی عەقڵییەتی پیاوسالاریدا ئەو ناسنامەیە لە خۆیدا بەرجەستە دەکات و تا ئەندازەیەکی زۆر ناسنامەی کچێتی و مێینایەتی خۆی لەیاد دەکات. ئەم تێڕوانینە ترادیسۆنانەی لە گێڕانەوەی ڕۆمانەکەدا دەبینرێت و بەسەر هەڵاڵەدا دەسەپێنرێت لە نێو خودی خێزانەکەیدا و بە تایبەتی لە بیر و هزری نێرسالاری حەمەڕەشید ئاغای باوکییەوە سەرچاوە دەگرێت، هەر بۆیە هەڵاڵە لە نێو بەرداشی جیاوازیی پەروەردەیی حەمەڕەشید ئاغا وەك باوك و سەعادەتی دایکییەوە دەبێتە قۆچی قوربانی و لە کۆتاییدا دوای ڕووبەڕبوونەوەی چەندین جۆری توندوتیژی و بەڕێکردنی ژیانی پڕ لە نەهامەتی، ژیانی بە کارەسات کۆتایی دێت، ئەم پەروەردەکردنە لەو بۆچوونەوە وێنا دەکرێت، کاتێك باوکی هەر لە سەرەتاوە هەڵاڵەی وەك کچ قبوڵ نییە و دەیەوێت وەك کوڕ خۆی بنوێنێ، چونکە کچ بە سەرچاوەی شەرمەزاری و نەهامەتی دەزانێت: «باوکی گوتی: ئەمن کچم ناوێ، کچێک کە شەو و ڕۆژ لەبەر ئاوێنە خۆی بڕازێنێتەوە و لە نێو پەنجەرەدا چاوەڕوان بێت هەتیوێک بە کۆڵانەکەدا تێپەڕ بێت و چاوی لێ بقرتێنێ و، لە قوتووە شەمچە و لەناو تەنەکەی خۆڵی بەردەرکە نامەی بۆ بەجێبێڵێت... هەڵاڵە دەیگوت خۆ من کچ نیم، من کوڕم» (نەهایی، ٢٠٠٨، ٤٧ ) تەنانەت ئەم شێوە پەروەردەکردنەی هەڵاڵە وا لە هەڵاڵە دەکات لە ڕووی ڕەگەزییەوە هەم لەباری جەستەیی و هەم لەباری هزرییەوە وەك ڕەگەزی نێر خۆی ببینێ و بۆ سەلماندنی ئەمەش هەم بە گوفتار و دەربڕین ئەم هەستەی بدرکێنێ کە کوڕە و کچ نییە، هەم لە ڕووکاردا جلوبەرگی کوڕانە بپۆشێ «هەڵاڵە دەیگوت: خۆ من کچ نیم. من کوڕم...ئەوسا بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت کە کوڕە، جلوبەرگی کوڕانەی لەبەر دەکرد. کراس و پانتۆڵێکی خاکی، لە ڕەنگی جلوبەرگی ئەو چەکدارانە کە دەستە دەستە دەهاتنەماڵیان» (نەهایی، ٢٠٠٨، ٤٨).

سەپاندنی ئەم بیروباوەڕەی حەمەڕەشید ئاغا بەجۆرێك لە سەر کەسێتی هەڵاڵە ڕەنگ دەداتەوە، کە جگە لەوەی هەندێ جار باوکی لەجیاتی ئەوەی بە ناوی ڕاستەقینەی خۆی بە هەڵاڵە بانگی بکات ناوەکەی کورت دەکاتەوە و بە -هەڵە- بانگی دەکات و تەنانەت ناوێکی نوێی کوڕانەشی بۆ دادەنێن، هەر بۆیە ئەم گۆڕانە لەڕووی هزری و ئاکارییەوە تەواو وێنەی خۆی دەگرێت و بەخشینی ئەم ناسنامە ساختەیە، کە بەعەقڵیەتی پیاوسالارانە پەردەپۆش کراوە جێگەی خۆی دەگرێت، تا ئەو ئەندازەیەی، کە دۆست و میوانەکانی ماڵی حەمەڕەشید ئاغاش بەکوڕی ببینن نەك بەکچ «یەکێك لە میوانەکان، کە پیاوێکی هاوتەمەنی باوکی بوو، گوتی: حەمەڕەشید ئاغا ئەم کوڕە چکۆڵەشت لە ئێستاوە حەزی لە چەکە. ئەوسا ڕووی کردە هەڵاڵە و گوتی: هەڵیگرە کوڕم ئەو چەکە هەڵگرە، بەرزی بکەرەوە، بزانە قورسە یان سووك؟ هەر ئەو پیاوە گوتی: ناوت چییە کوڕم؟ ناوم؟ ویستی بڵێت: هەڵاڵە، بەڵام باوکی هەڵیدایە و گوتی هەڵمەت. هەڵاڵە تا ساڵەها لەوە دواش ئەو ساتە پیرۆزەی لەبیر نەدەچۆوە کە لە هەڵاڵەوە ببوو بە هەڵمەت. دایکی گوتبووی: هەڵمەت؟! خۆ هەڵمەت ناوی کوڕە... باوکی گوتبووی: هەڵەگیانی منیش کوڕە. سەیرکە چ کوڕێکی ئازاشە! دایکی سەیری کردبوو. بە تیزەبزەیەکەوە سەیری کردبوو، وەها کە بڵێت بە دەستێك جلوبەرگی کوڕانە و دەمانچەیەکی شاکوژی بچووك و قژەسەری کورت، هیچ کچێك نابێت بەکوڕ، باوکی بە پێچەوانەی دایکی بە زەردەخەنەیەکی پڕ لە ڕەزامەندییەوە لە قەڵافەتی کوڕانەی هەڵاڵە ورد ببووبۆوە و گوتبووی: خوا لێم نەسێنێت.

وەجاغـی باوکییەتـی» (نەهایـی، ٢٠٠٨، ٤٩). ونبوونـی ئـەم ناسـنامە ڕەگەزییــە تــا ناســینی کارەکتەرێکــی ڕۆشــنبیری وەك برایمــۆك، کــە عاشــقی هەڵاڵــە دەبێــت بەردەوامــی دەبێــت، بــەڵام کاتێــك برایمــۆك وەك عاشــقێکی فریــادڕەس عاشــقی هەڵاڵــە دەبێــت، هەڵاڵـە لـەم سەرلێشـێوانە ڕزگار دەکات و هەسـتی مێینـە بـوون لـەودا بەرجەسـتە دەکاتـەوە «قارەمانـی ڕۆمانەکـە لێـرەدا بەپێـی چاوەڕوانییــەک، کــە باوکــی وەک ســێمبولی کۆمەڵگــەی پیاوســالار لـەوێ هەیـە، تەنانـەت حاشـا لـە ڕەگـەزی خـۆی دەکا و هـەوڵ دەدا بـە دڵـی ڕوانگـەی پیاوسـالارانە بجووڵـێ، وەک ئـەوان بپۆشـێ و کرداریشــی لــە گوێــن کــرداری ئــەوان بــێ. بــەڵام هەڵاڵــە گــەورە دەبــێ و خــۆی دەبینێتــەوە و باســکێکی یاریدەدەریــش هەیـە کـە زینـدووی دەکاتـەوە. هەڵاڵـە تـا سـاتێک کـە لەگـەڵ باسـکی یاریــدەدەری نێرینــە و ئەوینــداری خــۆی واتــە برایمــۆك ڕووبـەڕوو نەبێتـەوە هەرگیـز بـڕوا بـە کچێنیـی خـۆی نـاکا، بـەڵام ئـەوە برایمۆکـە، کـە وەبیـری دێنێتـەوە و بـۆ سـەرکەوتن ڕێـی پـێ دەنوێنــێ» (https://kurdistanukurd.com)/).

لەکاتـی پێزانینـی حەمەڕەشـید ئاغـای باوکیشـیدا بـە پەیوەندیـی ئەویندارانـەی پاکـی نێوانیـان گـرێ کوێـرەی گـرەوی بەختـی هەڵاڵـە دێنێتـە گـۆڕێ. کاتێکیـش هەڵاڵـە، کـە بـە قەولـی ڕۆماننـووس وەك باڵندەیەکــی کۆچــەری چارەنووســی دەکەوێتــە ســوێد، هەمــوو هــەوڵ و توانایەکــی بــۆ ئــەوە دەخاتــە کار، کــە کــێ بوونــی خــۆی وەك مێینەیــەك بســەلمێنێ و ئاراســتەی ژیــان و چارەنووســی خــۆی بگۆڕێــت و ســیماکانی مێینەیــی لــە نــاخ و دەروون و ڕوخســاریدا بەرجەسـتە بـکات «کاتێکیـش کـە لـە هەنـدەران جێگـر دەبێـت و بنەماڵـەی دەبیسـن کـە ئازادانـە هەڵسـوکەوت دەکات و لـە کـۆڕ و کۆبوونەوەکانـدا دێـت و دەچـێ و زۆر بـە ئاسـانی تێکەڵـی پیـاوان دەبێـت و هـەوڵ دەدا وەک کچێکـی مودێـڕن هەڵسـوکەوت بـکات، مێردێکــی جەبــری بــە نــاوی شــێرزاد بــۆ دەنێــرن بــۆ ئــەوەی ئــەو مێــردە بتوانــێ حەیــای هەڵاڵــە و بنەماڵــەی کــۆ بکاتــەوە. بــە گەیشــتنی مێــردە ســەپێندراوەکەی بــۆ هەنــدەران، هەڵاڵــە هــەوڵ دەدا وەک هاوڕێیــەک یارمەتیــی بــدات و بــە مێــردی خــۆی نەیهێنێتـە ئەژمـار؛ بـەڵام هەوڵـی شـێرزاد بـۆ ئـەوەی کـە خـۆی وەک ئاشـقێکی شەشـدانگی هەڵاڵـە دەناسـێنێ و بـە زمانـی چـەور بـە دەوری هەڵاڵـەدا دێـت هەڵاڵـە ناچـار دەبـێ یـان ڕەنگـە بتوانیـن بڵێیــن بــە ئــارەزووی خــۆی ژن و مێردییەکــە لەگــەڵ شــێرزاد بــە کــردەوە دەردێنــێ و بەرهەمــی ئــەو ژیانــەش دەبێتــە کچێــک بـە نـاوی ئـارەزوو. ئیـتر ئەمـە سـەرەتای چارەڕەشـی هەڵاڵەیـە و تەنانـەت لەوێـش، لـە هەنـدەران، ناتوانـێ بـۆ خـۆی و وەک خـۆی بـژی و هەسـت و خوسـتی لـە لایـەن شـێرزادی داسـەپاوەوە داگیـر دەکـرێ. هەمـوو ژیانـی دەبێتـە شـەڕ و ئـاژاوە« (عەلـی حسـەینی، ٢٠٢٠، ١)، هــەر بۆیــە دەبینیــن هەڵاڵــە بەتــەواوی دەیەوێــت لــە ترادسـێۆنی نەریتـی و پەروەردەیـی پێشـووتری خـۆی ئـازاد بـکات و هەوڵـی بەدەسـتهێنان و بەرجەسـتەکردنی ناسـنامەی ژنانـەی خـۆی بـدات، بەتایبەتـی لـە ڕێگـەی خوێنـدن و بەدەسـتهێنانی بڕوانامـەی بــەرز و خوێندنــی قۆناغەکانــی خوێندنــی بــاڵا وەك خوێندنــی ماســتەر و دکتــۆرا و فێربوونــی تــەواوی زمانــی ئینگلیــزی بــە شـێوەیەکی باشـتر لـەوەی، کـە فێـر بـووە سـەرەڕای بەدەسـتهێنانی چەندیــن پێداویســتیی دیکــەی گرنگــی ژیــان لــە وڵاتــی ســوێد، بـۆ ئەمـەش هەوڵـی بەرجەسـتەکردنی ئـەو کولتـوور و واقیعـە نوێیـە دەدات لـە ژیانـی تایبەتیـدا و دەیەوێـت بەباشـی لەگەڵیـدا بگونجێــت، بــەڵام لــە بەرانبــەردا شــێرزاد بەپێچەوانــەوە هەوڵــی ئـەوە دەدات وەك خـۆی بمێنێتـەوە و تەنانـەت دژی یاسـاکانی ئـەو وڵاتـەش بوەسـتێتەوە «هەڵاڵـە کچـی کـەس و بنەماڵەیەکـی نـاسراو بــوو لــە کوردســتان. لێــرەش ئــەوەی دەیناســی دەیزانــی کچــی حەمەڕەشـید ئاغـا، کچێکـی زیـرەك و بەتوانایە. لـە ڕادیـۆ کار دەکا و لـە زانکـۆ دەخوێنێـت. جگـە لـە کـوردی، سـوێدی و ئینگلیزییـش بـاش دەزانێـت، بـەڵام شـێرزاد حـەوت سـاڵ بـوو هاتبـووە سـوێد و هێشــتا ســوێدی بــاش نەدەزانــی. هێشــتا کار و پیشــەیەکی شــیاوی نەبـوو. زۆر شـتی تریشـی نەبـوو، بـەڵام هەڵاڵـەی بـوو، دواتریـش ئــارەزوو. گوتبــووی: ئێــوەم ببــێ، هیچــی تــرم ناوێــت. هیــچ... هەڵاڵـە دەیگـوت: دەتـەوێ شـێرزاد. پیـاو کـە بیەوێـت لـەم وڵاتـە بـژی، جگــە لــە ژن و منداڵەکــەی زۆر شــتی تریشــی دەوێــت... دەیگـوت: وای دانـێ ئێمـە تـا سـەر بـۆ تـۆ نەبوویـن، مـن هیـچ، ئـەو کچـە بەدڵنیاییـەوە تاسـەر بـۆ تـۆ نابێـت، ئـەو لێـرە گـەورە دەبــێ و لێــرەش منــداڵ، کــچ بێــت یــان کــوڕ، بگاتــە هــەژدە سـاڵ یاسـا مافـی ئـەوەی دەداتـێ دایـك و باوکـی بەجـێ بهێڵـێ و بــڕوات شــوێن ژیانــی خــۆی بکەوێت...ئــارەزوو دەڕوات شــێرە... نـەك هـەر لـەم ماڵـە، ڕەنگـە لـەم شـارە و و لـەم وڵاتەش...شـێرزاد دیســان ئاگــری گــرت، دیســان لچــی بەردایــەوە و دەیگــوت: مــن لــە یاسـای ئـەو وڵاتـە دەڕیـم ئـەو یاسـایە مـن و ژن و منداڵـی

من ناگرێتەوە« (نەهایی، ٢٠٠٧، ١٦).

ئەم تێڕوانینەی هەڵاڵە بۆ چۆنییەتیی ژیان و واقیعی ژیان لەگەڵ کولتووری کۆمەڵگەی ڕۆژئاوایی و هەوڵدان بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ واقیعی ئەوێدا، لە دید و تێڕوانینی شێرزاددا بە لادان لە ئەخلاق و گۆڕان لە کولتووری نەتەوەیی لێك دەدرێتەوە و ئەم هەوڵەشی لە دید و ڕوانگەی شێرزادی هاوسەرییەوە ئاشکرا دەکرێت، کاتێك لەبارەی کێشەی خۆی و هەڵاڵەوە لەگەڵ مەجیدی برای هەڵاڵە دەدوێت و دەڵێت: «گرفتی گەورەی ئێمە ئەوەیە کە خۆمان لێ گۆڕاوە لە بیرمان چۆتەوە خەڵکی کوێین و پشتمان لە وڵاتەکەمان و ئەخلاق و ڕەفتاری خەڵکی وڵاتەکەمان کردووە« (نەهایی، ٢٠٠٧، ٧٠). ئەم جیهانبینییە دژ ئاراستەیەی نێوان هەڵاڵە و شێرزاد پەیوەستە بە مەسەلەی بەدەستهێنان و لەدەستدانی ناسنامەی خودی یەکێکیانەوە، چونکە هەڵاڵە ئامانجی بەرجەستەکردنی ناسنامەیەکی خودی ڕادیکاڵی تەواو جیاوازە لەو ناسنامەیەی لە ژێر سێبەری نەریتی پیاوسالاریی و کولتووری ژیانی کوردەوارییانە لە ڕووی پەروەردەییەوە وەریگرتووە و ڕەفتارکردن وەك ژنێکی ئازاد و هاوشێوەی ژنانی ئەو وڵاتە بە سەرلەنوێ داڕشتنەوەی ناسنامەی خودی و مرۆڤانەی خۆی دەزانێت «دەشێ لەسەر ئاستی تاکەکەسیش کەسانی وەکو هەڵاڵە هەبن کە بتوانن بچنە ناو کۆمەڵگەی ڕۆژئاواییەوە و لەگەڵیدا هەڵبکەن و جێگەی خۆیانی تێدا بکەنەوە، بەڵام دیارە ئەمەیان نوخبەیەکی کەمە و زیاتر ئەوانە دەگرێتەوە کە لە ئاستێکی ڕۆشنبیری و بەئاگایی ئەوتۆدان کە هەم خۆیان دەناسن و هەم ڕۆژئاواش دەناسن و دەزانن لە چ دەرگایەکەوە بچنە ژوورەوە و چۆن جێ پێی خۆیان دەکەنەوە» (قەرەداخی، ٢٠١٧، ١٣٠)، لە کاتێکدا شێرزاد ئەم تێڕوانین و دونیابینییەی هەڵاڵە بۆ خۆ گونجاندن لەگەڵ سیستەم و پەروەردەی سوێددا، بە لە دەستدانی ناسنامەی خودی خۆی تێدەگات «شێرزاد هیچ هەوڵێك نادات نەك هەر بۆ بەختەوەریی هەڵاڵە، تەنانەت بۆ ژیانی خۆشی هەوڵ نادات و هەر بەچەقبەستوویی لە شوێنی خۆیدا دەمێنێتەوە. ئەگەرچی ئەم ماهییەتەی بوونی شێرزاد ڕوون دەبێتەوە، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا هەر دەیەوێت نکۆڵی لەو ڕاستییە بکات و درۆ لەگەڵ دەوروبەریدا دەکات و دەیەوێت هەڵاڵەش بخاتە نێو گەمەی ناڕەسەنێتی خۆیەوە« (ڕۆستەم، ٢٠١٦، ٨٢). هەربۆیە دەبینین شێرزاد بە مەجید دەڵێت: «ئێمە ماڵەوێ و نەمانەوێ لە وڵاتێك گەورە بووین و لە وڵاتێکەوە هاتووین کە دابونەریت و ئەخلاقی تایبەت بەخۆی هەیە. ئەو دابونەریت و ئەخلاقە، چاك بێت یان خراپ، لە دەروون و مێشکماندا چەسپاوە. من ناتوانم ڕۆح و مێشکی خۆم لەو شتانە داماڵم. من پێم وایە بنیادەم، ژن بێت یان پیاو، دەبێ ئەخلاقی ببێ» (نەهایی، ٢٠٠٧، ٧٥) ئەوەی، کە شێرزاد جیاڤدەکاتەوە لە هەڵاڵە ئەو کەسێتییە نەگۆڕاوەی شێرزادە و زیاتریش دەرئەنجامی ئەو گۆڕان و کرانەوە زۆرەیە، کە لە کەسێتیی هەڵاڵەی خێزانیدا دەیبینێ، واتا شێرزاد دەیەوێت بەتەواوی پابەندی ئەو ناسنامە خودی و کولتوورییەی خۆی بێت، کە لە منداڵییەوە هەیبووە و نایەوێت بچووکترین هەنگاو بە ئاراستەی داڕشتنەوەی ناسنامەیەکی لەبار و گونجاودا بنێت، کە زادەی هاوسەنگیی هەردوو کولتوورەکە بێت، چونکە بەتەواوی مانەوە کولتووری کوردی بە پیرۆز دەزانێت و لە بەرانبەریشدا هەرچی کاریگەریی کولتووری وڵاتی سوێدە بە قێزەون سەیر دەکات، بۆیە دەیەوێت لەسەر زەمینی ئەو وڵاتەدا بەتەواوی وەك تاکێکی پابەند بە کولتووری پیاوسالارانەی ئەو کۆمەڵگەی لێوەی هاتووە ڕەفتار بکات «هەمیشە تاك کولتووری بەو مەرامە کار دەکات، کە سەرجەم پەنجەرەکان دابخات و وامان لێ بکات تەنها لە تاك دەرگایەکدا بڕوانین بۆ سەرجەم کایە و چەمکەکان...ئەو کاتیش سەرجەم وێنە ڕەنگاوڕەنگەکان دەشێوێنێ و خۆی دەخاتە نێو بازنەکانی تەقدیسکردن و پیرۆزییەوە« (پیرداود، ٢٠١٠، ٤٢) بە پێچەوانەشەوە هەڵاڵە بەتەواوی دەیەوێت ئەو ناسنامە ڕۆژهەڵاتی و خودیەی لە خۆیدا ون بکات و ناسنامەیەکی ڕۆژئاوایی بە پێوەری یاسا و کولتووری ئەو وڵاتە بۆ خۆی بەدەست بهێنێت، کە تەواو دوور بێت لە کولتوور و ئاکاری پیاوسالارانەی کۆمەڵگەکەی خۆی «لێرەدا دەتوانین بڵێین شێرزاد وەك نموونەی پیاوێکی ڕۆژهەڵاتی هەروا بە ئاسانی کولتووری ڕۆژئاوای پێ قبوڵ ناکرێت، بۆیە لەوێشەوە بە هەمان عەقڵ و بۆچوون و لێکدانەوەی ئێرە دەژی. ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە هەروا ئاسان نییە بۆ تاکی پەروەردەی نێو کولتوور و عەقڵی داخراوی ڕۆژهەڵاتی، بتوانێت لە نێو کولتوور و عەقڵی

کاراوە و شارستانی ڕۆژئاوادا جێگەی خۆی بکاتەوە و بتوانێت لەگەڵیدا بگونجێت و لەسەر زەمینەی ئەو واقیعە شارستانی و کولتوورییە جیاوازە بێتە خاوەنی شوناسی تایبەتی خۆی و لە نێو ئەو واقیعە جیاوازەدا ئامادەبوونی خۆی بسەلمێنێت» (قەرەداخی، ٢٠١٧، ٩٨).

دواجار بەهۆی نزیکبوونەوەی تەواوی هەڵاڵە لە نێو زانکۆ لە دکتۆر سەعیدی ڕەحمانی و بینینەوەی کەسێتیی برایمۆك لە کەسێتیی سەعیدی ڕەحمانیدا، بەتایبەتی لە باری ڕۆشنفیکری و جیهانبینییەوە تا ئەو ئەندازەیەی، کە گومانی پەیوەندیی لێ بکرێت لە لایەن شێرزادەوە دەبێتە هۆی جیابوونەوەی هەڵاڵە و شێرزاد لە یەکتر و دوای ماوەیەك لە جیاوبوونەوەشیان شێرزاد بەهۆی خەنجەرێکەوە، کە حەمەڕەشید ئاغای باوکی هەڵاڵە وەك ئامرازێکی کولتووری و دەسەڵاتی پیاوسالاری و تۆڵەسەندنەوە دەیبەخشێتە شێرزاد هەوڵی کوشتنی هەڵاڵە دەدات «لەڕۆمانی (گرەوی بەختی هەڵاڵە) ئەوەی ڕوو دەدات ئەو خەنجەرە دێرینە کولتوورییەی باوکە دێرینەکانە، لە کوردستانەوە تاوەکو ئەسکەندەنافیا و خۆرئاوا، بەخۆی نەریت و بوغز و دواکەوتووییەوە بە دووی ژنی کوردەوەیە، ژنێك دەیەوێت وەك هەموو مرۆڤێکی دیکەی ئازادی سەر ئەم زەوییە، پراکتیزەی ئازادییەکانی خۆی بکات» (حەمەامین، ٦، (http://cultureproject.org.uk/kurdish/woman).

لە کۆتایدا جیاوازیی کولتووری و نەبوونی تێگەیشتن و هۆشیاری کولتووریی، چارەنووسی کەسێتییە سەرەکییەکان بەرەو ئاقارێکی خراپدا دەبات و کۆتاییەکەی بە لەناوچوونی هەڵاڵە و زیندانیکردنی شێرزاددا خۆی دەبینێتەوە.

**ئەنجام:**

١-ڕۆمانی گرەوی بەختی هەڵاڵە، وەك ڕۆمانێکی نوێ تیمای سەرەکیی ڕووداوەکانی لەسەر چۆنیەتیی پەروەردەکردنی شاکەسی ڕۆمانە-هەڵاڵە- لە نێوان دوو کولتووری جیاواز، کە کولتووری کوردی و کولتووری ڕۆژئاوا- سوێدن بونیادنراوە و کاریگەریی پەروەردەکردنی هەردوو کولتوورە جیاوازەکە لەسەر ڕەوتی ژیانی ئەم کەسێتییە سەرەکییە دەخاتە بەر باس.

٢-ڕۆماننوس لەم ڕۆمانەدا تیشك دەخاتە سەر بابەتێکی گرنگ و هەستیار ئەویش توانای خۆگونجانی ئەو کوردانەیە، کە لە واقیعدا بەهۆی بارودۆخێکەوە چارەنووسیان دەکەوێتە وڵاتێکی خۆرئاوا بە ئامانجی ژیانێکی نوێ، ژیانی تاراوگەنشین دەکەن بە وێستەگەیەکی نوێ، بەڵام لە ئەنجامی ناهاوسەنگبوونیان لە نێوان کولتووری خۆیان و کولتووری ئەو وڵاتە ڕووبەڕووی ئاریشە و کێشەکانی ژیان دەبنەوە و زۆرجاریش سەر زەمینی ئەو وڵاتانە لەبری ئەوەی خۆشبەختییان بۆ دەستەبەر بکات، دووچاری چارەونووسی خراپیان دەکاتەوە.

٣-لە گێڕانەوەی ڕۆمانەکەدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە هەر یەکە لە هەڵاڵە و شێرزادی هاوسەری تێڕوانینی تەواو جیاوازیان هەیە بۆ ژیان لە وڵاتی سوێد و چۆنیەتیی مامەڵەکردن لەگەڵ کولتوور و سیستەمی وڵاتەکەدا، بەجۆرێك هەڵاڵە ویستی دەستبەرداربوونی تەواوی بە کولتووری کوردی هەیە و دەیەوێت و تەواو وابەستەبوونی خۆی بە کولتووری وڵاتی سوێد ڕابگەیەنێت. لە بەرانبەردا شێرزادی هاوسەری تەواو پێچەوانەی هەڵاڵە بیر دەکاتەوە و لە هەوڵی پاراستنی کولتووری کوردیدایە و دەیەوێت ئەو شێوە پەروەردەکردنەی لە کوردستان و سەرزەمینی باب و باپیرانی وەریگرتووە لە پەروەردەکردن و چۆنیەتیی ژیانی هەڵاڵە و کچەکەیدا جێبەجێ بکات و بەتەواوی مانا کولتوور و پەروەردە و سیستەمی چۆنیەتیی ژیانی وڵاتی سوێد ڕەت بکاتەوە.

٤-کاریگەریی کولتووری وڵاتی سوێد لەسەر باری ژیان و چۆنیەتیی هەڵسوکەوتی هەر یەکە لە هەڵاڵە و شێرزاد بەج ۆرێك ڕەنگ دەداتەوە، کە هەڵاڵە تەواو لەوە نزیك دەبێتەوە ناسنامەی خۆبوونی کەسی و نەتەوەیی خۆی لە دەست بدات و بەرەو بەدەستهێنانی ناسنامەیەك هەنگاو بنێ، کە تەواو وێنەی ناسنامەی ژنێکی سوێدی بێت. لە بەرانبەریشدا شێرزاد هیچ هەوڵێك نادات بە ئامانجی بەرجەستەکردنی ناسنامەیەك، کە نیشانە و ئاماژەکانی کەسێتییەکی هاوسەنگ بێت لە وابەستە بوون بە کولتووری ئەو وڵاتەوە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی بەردەوام لە هەوڵی پاراستنی ئەو ناسنامە کولتوورییەدایە، کە لە پەروەردە و شێوازی بیرکردنەوەدا لە کوردستان لەسەری ڕاهاتووە.

### سەرچاوەکان بە زمانی کوردی

-ئەحمەدزادە، هاشم، (٢٠١٢)، زمان و ئەدەب و ناسنامە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چ ١، هەولێر.

-ئەسوەد، نەوزاد ئەحمەد، (٢٠٠٦) ئەزموونی خوێندنەوە چەند لاپەڕەیەکی ڕەخنەیی، زنجیرە کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چ ١، سلێمانی.

-بەختیار سەجادی (٢٠١٠) گێڕانەوەی نوێکارانە و پێکهاتەی هونەری لە ڕۆمانی کوردیدا: خوێندنەوەی گرەوی بەختی هەڵاڵەی عەتا نەهایی، زانکۆی ئێکسێتێر، بریتانیا.

-پیرداود، ستاری (٢٠١٠)، خوێندنەوەی مێتافۆر (کرانەوە بە ڕووی چەند ڕایەڵەیەکی ڕەخنەیی) چاپخانەی خانی، دهۆك.

- ڕەشید، فوئاد، (٢٠٠٧)، دەقی ئەدەبی -ئەدگار. چێژ. بەها- چەند نووسینێکی ڕەخنەیی تیۆری و پراکتیکییە، بڵاوکراوەی ئاراس، چ: ١، هەولێر.

-قەرەداخی، عەتا، (٢٠٠٧)، کاریگەریی کولتووری ئەوان لەسەر کورد، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی.

-قەرەداخی، عەتا، (٢٠١٧)، گەڕان لە نێوان واقیع و خەیاڵدا، چاپخانەی سەردەم، چ ١، سلێمانی.

- میراودەلی، کەمال، (٢٠٠٧)، هەردی و ڕۆمانسیزمی خود، چا: شەهید (ئازاد هەورامی)، چ: ١، کەرکوك.

-نەهایی، عەتا (٢٠٠٧)، گرەوی بەختی هەڵاڵە- دواڕۆژەکانی ژیانی باڵندەیەکی کۆچەر، چ ١، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.

-ئەسوەد، نەوزاد ئەحمەد (٢٠٠٦)، ئەزموونی خوێندنەوە چەند لاپەڕەیەکی ڕەخنەیی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چ: ١، سلێمانی.

-یەعقووبی، عبدولخالق (٢٠٠٨) لە کولتوورەوە بۆ ئەدەبییات، بڵاوکراوەی ئاراس، چ ١، هەولێر.

### گۆڤارەکان و ڕۆژنامەکان:

-ئەحمەدزادە، هاشم، (٢٠٠٩)، ڕۆمانی کوردی لە کوردستانی ئێران، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: عبدالخالق یەعقووبی، گۆڤاری ڕامان، ژمارە (١٠٧).

-ئەحمەدزادە، هاشم، (٢٠٠٩)، دوێنێ و ئەمڕۆی ڕۆمانی کوردی، هەفتەنامەی فەرهەنگی هەولێر، بڵاوکراوەی فیکری- ڕەخنەییە، ڕۆژنامەی هەولێر، ژمارە (١٣)، کانوونی دووەم.

-نەهایی، عەتا، (٢٠١٨)، ژیانمان لە داوی گرەوی گەورەکاندایە، وتوێژ لەگەڵ ئیدریس عەلی، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٣) ٢٠١٨. لە سێ ژمارەی ئەدەب و هونەری کوردستانی نوێ بڵاو کراوەتەوە.

### سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی:

-Eagleton, Terry, The idea of culture, Blackwell publishing, uk, 2000.

-(Quappe, Giovanna) (Stephanie , Cantatore ), What is Cultural Awareness, anyway? How do I build it?, © Culturosity.com 2005.

- Tylor, B, Edward, primitive culture, London, 1891.

-Williams, Raymond, culture and society, Doubleday & Company, Inc, New york, 1960.

### سایتی ئەلیکترۆنی:

-حسەینی،علی. 2020- https://www.khaktv.net/all-detail.aspx?ji-mare=21859&type=farhang

- حەمەامین، اسماعیل، http://cultureproject.org.uk/(kurdish/woman

- سالحی، سپێدە، هۆکارە دەروونی و، کۆمەڵایەتییەکانی کوشتنی ژنان لە کۆمەڵگای کوردیدا http://chawykurd.com/details.aspx?=hewal&jmare

http://www.insynctraining.nl/artikelen/what_is_cultural_awareness.pdf-

### نامە زانستییەکان:

-ئەحمەد، پەخشان عەلی (٢٠٢٠)، فەزاسازیی لە ڕۆمانی کوردیدا-کرمانجی خواروو (٢٠٠٥-٢٠١٠)، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی زمان، سلێمانی.

-ڕۆستەم، ئاری عوسمان (٢٠١٦)، ڕەنگدانەوەی بوونگەرایی لە ڕۆمانی کوردیدا-کرمانجی ناوەڕاست (٢٠٠٣-٢٠١٣)، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان و زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی گەرمیان. گەرمیان.

**الملخص:**

هــذا البحــث بعنــوان الاختلافــات الثقافيــة في تجســيد الهويــات الشــخصية الرئيســية في روايــة رهــان الحــظ هلالــة عەتــا نهايــی، يتحــدث عــن الاختــلاف الــتراثي في تعليــم هلالــة الشــخصية الرئيســية في الروايــة، والشــيرزاد الشــخصية الرئيســية لــلرواية، الــثراث كبعــد مهــم في الروايــة هــي مــرآة الفكــرة والســلوك الشــخصي والاجتماعــي لــكل مــن الشــخصيات ولهــا دور في تقريــر مصيرهــم، لأنــه مــن حيــث المبــاني الشــخصية، تــم بنــاء كل مــن هاتــين الشــخصيتين في أن لديهــم آراء خاصــة حــول كيفيــة التكيــف مــع تــراث دولــة أوروبيــة مثــل الســويد. ونتيجــة لذلــك، تصبــح هــذه النظــرة للــتراث شــبيهة بشــخصيتهم التــي تصبــح في النهايــة نوعــا مــن الهويــة الشــخصية وقدرتهــم عــلى التكيــف مــع العــالم الخارجــي، نتيجــة للاختــلاف ونقــص الوعــي الثقــافي، يصــل مصــير كل شــخصية إلى نهايــة مؤلمــة. في عمليــة سرد أحــداث الروايــة.

الكلمات المفتاحية: الثقافة، الهوية، الرواية، الشخصية، بطل الرواية.

## Abstract

This research with the title of cultural differences in the embodiment of the main personal identities in the novel of bet of fortune Hallalai Ata Nahai, he talks about the cultural difference in the education of Hallala main character the novel, and the sherzad the main personality of The novel, culture as an important dimension in the novel is the mirror of belief and personal and social behavior of each of the personalities and has a role in deciding their fate, because in terms of personal buildings, each of these two personalities was built in that they have own opinions, for How to adapt to the culture of European country such as Sweden. As a result, this view of culture becomes a kind of their personality which eventually becomes a kind of personal identity and their ability to adapt to the outside world, as aresult of the difference and lack of cultural awareness, fate of the each character reachs a tragedy end in the process of narrating the events of the novel.

**Key words**: Culture, Identity, Novel, Character, Protagonist.